# راپـۆرتـی کارگێـڕیی لـیوای دیـالـه بـۆ سـاڵی1919

## قـــەزای خـانــەقـیــن

**لەئینگلیزییەوە:**

**محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

## 1 ـ تیرەو هۆزەکان

لەسەرەتای ساڵەوە هۆزەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە داسەکناون‌و کەوتوونەتە زەوی داچاندن، کەوا لەزۆر حاڵەتدا لەچەند ساڵی رابردوودا دەستیان لێنەدراوە بە هۆی جەنگەوە. لەکانوونی دووەمدا بەرچاوترین رووداوی مانگ پێشکەش کردنی مەزبەتەیك بوو کە لە لایەن هەموو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی قەزای خانەقینەوە ئیمزا کراوەو داوا دەکەن بخرێنە ژێر پارێزگاری حکومەتی بەریتانیاوەو لە لایەن ئەو نوێنەرانەوە حوکم بکرێن کە خاوەن شکۆ جۆرجی پێنجەم دەستنیشانیان دەکات. مەزبەتەکە هێزو کاریگەریەتییەکی تایبەتی هەبووو باسی لەو دەردو مەینیەتیانە دەکات کەوا لە لایەن باندەکانی تورکەوە بەسەریان هاتبووو گرفتاری بووبوون.هەروەها مەزبەتەیەکیش بەهەمان مانا لەمەندەلییەوە هاتووەو لە لایەن شێخ‌و پیاوماقووڵانی ئەوێوە ئیمزا کراوە.

لە مانگەکانی بەرایی ساڵەوە هۆزە ئێرانیەکانی وەك سنجابی‌و وەڵەدبەگی‌و گۆران‌و هیتریش لەناوچە سنوورییەکان‌و ناوچە داگیرکراوەکاندا لە لایەن بەریتانیاوە لەوەڕخۆریی دەکەن‌و سکاڵایەکی بێشومار لەهۆزەکانی خۆمانەوە هاتووە لە سەر مەڕومالآت دزینی ئەوانەو راوڕووتی بچووکی جۆراوجۆر. ئەڵبەتە ئیجرائاتی خۆپارێزی وەرگیراوە بەجێگیرکردنی چەند مەخفەرێکی بچووکی هێزەکانی شەبانە (لێڤی ـو) لەنزیك هۆزە ئێرانییەکانەوە. یەك لەو رووداوە مەترسیدارانەی بەرپابوو، ئەوەبوو کە هۆزی وەڵەدبەگی هەڵیانکوتایە سەر سێ گوندی ناوچە داگیرکراوەکان‌و مەڕومالآت، گاوگۆتال‌و ناوماڵەیەکی زۆریان بە تالآن بردووە. هێرشەکە بەنزیکەی پەنجا میل لەناوچە شاخاوییەکانی باکووری خانەقینەوە بەرپاکراوە. دواجار بە هۆی ئیجرائاتی کاریگەری جێگری حاکمی سیاسییەوە بۆ چارەسەری ئەم رووداوەی کە بەتەواوی باری ئاسایشی لەناو هۆزەکانی سنووردا شڵەژاندبوو قەسری شیرین داخراو وەڵەدبەگیش ناچارکران بەگێڕانەوەی تەواوی تالآنییەکە.

هەر لەم سەروبەندەدا حاکمی سیاسی گەشتێکی چڕی بە ناو هۆزەکانی بەشی باکوری قەزاکە کرد، کەوا لە پێش ئاگربەستدا کەوتبوونە ژێر رکێفی ئێمەوەو هەڵوێستیان. زۆر دۆستانە بوو لەگەڵمان‌و بەئاشکرا خۆشحاڵ بوون بەوەی لە ژێر دەستی ئێمەدابن. ئەوان پێشترو ئێستاش زۆر پەرۆشی ئەوەن

که بزانن ئاخۆ حکومەت لە هێرش‌و تاڵان‌و بڕۆی ئەودیوی سنوور دەیانپارێزێت‌و ئەو ئەمانەیان بۆ دابین دەکات کە پێشتر بەخۆیانەوە نەدیوە.

بە هاتنی بەهار خێڵەکانی ئێران دەکەونە خۆ کۆکردنەوە بۆ کۆچکردن بەرەو چیاکان‌و بەمەش ئاشتی‌و ئاسوودەیی بال دەکێشێت بە سەر ناوچەکەدا.مەسەلەی خێڵە ئێرانییەکانی کەوا لەوەڕخۆریی دەکەن لە"ناوچە داگیرکراوەکاندا" یەکێکە لە مەسەلە گرنگ‌و بەرچاوەکان لەم قەزایەداو لەپێش دەستەبەرکاربوونی لیژنەی دیاری کردنی سنووری نێوان تورکیاو ئێران لەساڵی 1914 دا بەشێکی گەورەی قەزای خانەقین سەر بەخاکی ئێران بووو ئەو هۆزە ئێرانیانەی کە ئێستا لەسنوور دەپەڕنەوەو لەمانگەکانی زستاندا دێن بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان ئەوانەن کە پێشتر ڕاهاتوون ئەم کارە بکەن. پرسەکە هێند قورس‌و مەترسیدار نیە ئەگەر هۆزە ئێرانییەکان باش کۆنترۆڵ بکرێن، بەڵام لەحاڵەتی نیشتەجێبوون‌و زیادبوونی چاندن‌و کشتوکاڵ لێرە ئەوە پێویستە هۆزەکانی ئەم قەزایە هەموو ساڵێك تووشی دزی‌و تاڵانی نەبن لەوەرزی زستاندا.

بارودۆخی هۆزەکان بەئاسایی مایەوە تا کۆتایی مایس‌و لێرە بەدواوە بەشی باکووری قەزاکە تا رادەیەك ئاژاوەو پشێویی تێکەوت بە هۆی راپەڕینی شێخ مەحموودەوە لە لیوای سلێمانیی دراوسێداو بە هیچ شێویەك هۆزە کوردەکانی قەزای خانەقین نەچوونە پاڵ ئەم بزووتنەوەیەو قایلبوونی خۆیان دووپات کردەوە کە لە پاڵ حکومەتدا بن. دۆخەکە لە مانگی حوزێراندا هێوربووەوەو کاتێ کەوا رەتلێکی سەربازی بە ناوچەکەدا تێپەڕی بۆ دووبارە گرتنەوەی هەڵەبجە.

لە سەرەتای ساڵەوە کۆمەڵە شێخێك، کە بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو خۆیان خستبووە باوەشی تورکەوە گەڕانەوە دواوە بۆ ناوچەکەو لێرە زەوی‌و زاریان بۆ تەرخان کراو بۆ خۆیان بێ سەرئێشە جێگیربوون‌و دانیشتن.هۆزی شەممەر، کە لە سەرەتای ساڵی 1918دا لەناوچەی سامەڕاوە هاتبوون‌و لە دەشتی نێوان مەندەلی‌و عەزیزییە بڵاوبووبوونەوە، کەوتبوونە کێشەو گرفت دروست کردن‌و گەلێ حاڵەتی حوشتر دزین ڕوویداو لەو سۆنگەیەوە بڕیاریاندا کە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی سامەڕا. لە سەرەتای ساڵەوە رۆیشتنی تیپی چواردە لە مەرجانەو کشانەوەی لەسەرەخۆی سەربازی لەم ناوچەیە

بوو بەمایەی بڵاوبوونەوەی واتەوات لە سەر نیازی بەریتانیا بەچۆڵکردنی وڵات، بەڵام هەر زوو دۆخەکە ڕەوییەوەو هۆزەکان بێدەنگ بوونو تاقە شوێنی ئاژاوە ناوچەی جەبەڵ حەمرین بوو لە نێوان قزل ڕەباتو شارەباندا. ناوچەکە بەهەر نیازو مەبەستێك بووبێت چۆڵەو کەسی تێدا نیشتەجێ نەبووەو تەنها ڕێگەی سەرەکیی کاروانە لەئێرانەوە بۆ بەغداو ئەمساڵ بوو بە شانۆی چەندین حاڵەتی کوشتنو ڕووتکردنەوە. ئەڵبەتە کارێکی قورسە بەرپرسیارێتی دەستنیشان بکرێت چونکە ناوچەکە بەئاسانی هۆزەکانی سێ شوێنی جیاوازی دەگاتێو لە بەرئەوە پاسەوانی ئاسایی پۆلیسی تێدا جێگیرکرا بۆ یاوەری کردنی کاروانەکان لەقزل ڕەباتەوە تا شارەبانو خۆشبەختانە دواجار یەکێك لە پیاوکوژە هەرە ناسراوەکان لەدەڤەری باقووبە دەسگیرکراو لەسێدارەدرا.

لە مانگی نیساندا کێشەو ئاژاوە کەوتە نێوان بەنی تەمیم لە ناوچەی شارەبانو ساداتی نعێمو هەندێ تیرەو هۆزی تری بچووکەوە لەناوچەی قزل ڕەبات لەئەنجامی دوژمنایەتییەکی دووروردرێژی نێوانیاندا. بۆ کۆتایی هێنان بەم ناکۆکیو دوژمنایەتییە حاکمی سیاسیی خانەقینو جێگری حاکمی سیاسیی شارەبان مەجلیسێکی عەشارییەییان سازکردو بەپێی نەریتی خێڵەکی فەسڵیان کرد. (لە دەقە ئینگلیزیەکەدا وشە عەرەبییەکانی مەجلیسو فەسڵ هەر بەم ڕەنگە هاتووە ـ وەرگێڕ).

ناکۆکیی ناوخۆی خێڵەکان لەم ناوچەیەدا زۆر دووپات نابێتەوەو من لە ڕاپۆرتی کارگێڕیی ساڵی 1918دا ئیشارەتم داوە بە پەیوەندیی ناحەزانی نێوان پشتکۆو مەندەلی، بەڵام لەمساڵدا پەیوەندییەکان باشترن‌و مەسەلە هەڵپەسێردراوەکان لە لایەن لیژنەیەکەوە تاوتوێ دەکرێن لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو حکومەتدا.

هەندی کێشەو ناخۆشی لەگەڵ هۆزە ئێرانییەکانی سنووردا ڕوویداوە لە سەر ئەو جووتیارانەی لە سەروەختی داگیرکردنی ڕووسدا لەقەزای خانەقین هەڵاتوونو لە ئێران نیشتەجێ بوونو خەریکی ئاژەڵداریو کشتوکاڵن. ئێستا بەسەقامگیربوونی بارودۆخ لێرە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ناوچە داگیرکراوەکان بەڵام لەبەرئەوەی هاوکاری کردنی جووتیارەکان لە هەردوو بەری سنوور زۆر

لەپێویست کەمترە بۆیە سەرۆك هۆزە ئێرانیەکان نایانەوێت ڕێگەی گەڕانەوەیان بدەن بۆ ئەوەی هەر لە خزمەتیاندا بن لەوێ.

## 1. یاساو ڕێساو بارودۆخی ناوچەکە

بارودۆخی گشتی لەقەزاکەدا دەگونجێت لەگەڵ هەمان مامەڵەو چارەسەری پێشتردا کورت بکرێتەوەو ناونیشانی"یاساورێسا" دەکرێ جۆرە بنەڕەتییەکانی توندوتیژی یان خراپەکاریی ئاشکرا بگرێتەوە لەقەزاکەدا.ئەمانەش:

أ. ئەو هێرش‌و پەلامارانەی دژ بەتیرەو هۆزەکانی سەر سنووری ئێران، یان ئەوانی دەکەونە قەڵەمڕەوی حاکمە سیاسییەکانی تر ئەنجامدەدرێن، یان بەپێچەاونەوە لە لایەن ئەمانەوە بەرپا دەکرێن.

ب. ئەو هێرش‌و پەلامارانەی دژ بەو بنکە سەربازیانەی لە ناوچەکەدا جێگیرن ئەنجامدەدرێن.

ج. ئەو تێکدان‌و دزییانەی بۆ سەر هێڵەکانی شەمەندەفەر ئەنجامددەدرێن.

د. یاساو ڕێسای شارەوانی.

ه. هێرش‌و پەلاماری ڕێگاوبان‌و کاروانەکان.

و. قاچاخچێتی لێرەوە بۆ ئێران‌و بەپێچەوانەوە.

أ. مانگەکانی زستان لە دیسەمبەرەوە بۆ مارت ماوەیەکە کەوا بە لێشاو سکاڵای تێدا تۆمار دەکرێت. تیرەو هۆزە ئێرانییەکان کە دەسەڵاتی هیچ لایەکیان زۆر بەسەردا ناشکێت تا هەر کوێیەك بتوانن لە ناوچە داگیرکراوەکاندا ئاژەڵەکانیان دەلەوەڕێنن لەسنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خانەقین‌و مەندەلییەوەو هەروەها لەبەشی باکووری قەزاکەشەوە. تیرە جیاجیاکانی هۆزی جافیش دێنە خوارەوە بۆ لەوەڕخۆریی لەهەردوو بەری سیروانەوە.

ئەمساڵ بە پێویست زانرا کەوا لە هەموو ئەو شوێنانەی هۆزە کۆچەرەکان دێنە ناوی بنکەی لێڤیو پاسەوانیان تێدا دابنرێت. بەگشتی ئەنجامی کارەکە باش کەوتووەتەوەو لە ئێستاداو لە سەروبەندی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا داواکاریی زۆرمان لە لایەن شێخو سەرۆکە لۆکاڵییەکانەوە پێگەیشتووە بۆ دانانی هەمان ئەو بنکانە بۆ ئەم وەرزە. ئێستا لە نێوان ئەم قەزایەو قەزاکانی دەوروبەردا پەلاماری ناوخۆیی خێلەکی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمە.

ب ـ لەئێستادا بنکە سەربازییەکان لەقەزاکەدا تەنها ئەوانەی مەرجانەو قۆرەتوون. لە سەرەتای ساڵەوە خانەقین سەنتەرێکی سەربازی بوو، هێزەکانو لەشەکری کارکردنیش (ئەشغاڵ)، لە سەر هێڵی شەمەندەفەر جێگیر بووبوون، چونکە کاری دروستکردنی ئەو لقەی دەچوو بۆ قۆرەتوو بەردەوام بەرەو پێشەوە دەچوو. دزیی لەکەمپەکاندا بە شێوەیەکی مامناوەندی دووبارە دەبووەوە بەڵام بە ئاستێکی بەرچاو زیادی دەکرد هەرکاتێ لەشکرێکی سەربازانی کاری هیندی یان ناوخۆیی لەو نزیکانە جێگیر بوونایە و ئەم خراپەکاریانەی روویاندەدا تەنها دزیو دەخەڵیی بێبایەخ بوون.

ج ـ هێڵی شەمەندەفەر: هێڵی ئاسن خۆی دەستکاری نەدەکراو لەیەکەم مانگەکانی تەواوبوونیدا چەند حاڵەتێکی کەم تۆمارکرا وەك ئەوەی بەرد یان پارچە دار دەخرایە سەر هێڵەکانو ئەمە بەئاشکرا کاری منداڵان بوو چونکە هێرشێکی تر روویندەدا پاش ئەوەی هۆشداری درایە شێخەکان، بەڵام زۆر حاڵەتی دزی کردنی کاڵاو کەلوپەل بەشەوان روویدەدا، کەهی بازرگانەکان بوونو لەوێستکەکاندا دادەنران. زۆرێك لەوێستگەکان دوورن لەگوندو شارەکانەوەو گواستنەوەی شمەك و کەلوپەلەکان لەوێستگەکاندا زۆرجار نەدەرەخساو لەگەلێ شوێن وێستگەکان هێشتا بینایان نیەو بەم پێیەش ناگونجێت بەسەلامەتی کالأیان تێدا هەڵبگیرێت.

د ـ پاساو رێسای شارەوانی: لەناو شارو شارۆچکەکاندا بەو پێیەی پۆلیس هۆکاری بنەڕەتی ئاسایشە یاساو نیزام بەباشی دەپارێزێتو بە درێژایی ساڵ یاساشکێنییەکی گرنگو بەرچاو روونادات. دزیو دەخەڵیی بچووك هەر بەردەوامە لەشارە سنوورەییەکاندا، لەبەر جووڵەو

هاتوچۆی زۆری خەڵك‌و دۆزینەوەو ئاشکرابوونی تاوان قورسە. مەستی‌و سەرخۆشیی روو لەزیادبوونە، بەحوکمی گەشەکردنی خۆشگوزەرانی‌و ئەمەش یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئاژاوەو تێکچوونی ڕێسا لەشارەکاندا.

ﻫ ـ ڕێگاوبان‌و کاروانەڕێ: لە سەرەوە باسمان لەتاوانەکانی جەبەڵ حەمرین کرد.

1. مەندەلی ـــ خانەقین
2. خانەقین ـــ هەڵەبجە
3. خانەقین ـــ قزل رەبات ـــ بەغدا

ئەو کاروانانەی لەمەندەلییەوە دێن بۆ خانەقین ئەگەری ئەوەیان لە سەرە کەوا خێڵە ئێرانییەکانی سەر سنوور پەلاماریان بدەن. بۆ ڕێگرتن لەم کارە لەکانی ماسی‌و مەکەتوو بنکەی پۆلیس دانراوە بۆ پاسکردن‌و یاوەریی کردنی کاروانەکان. بازرگانی لەنێوان خانەقین‌و هەڵەبجەدا بەزۆریی لە لایەن عەشایەر یان لە لایەن ئەو هێستردارانەوە ئەنجام دەدرێن کە ئاشنای خێڵەکانن‌و لەبەر ئەم هۆکارە دزی‌و جەردەیی ئاشکرا دەگمەنە. دزی‌و ڕاوڕووت بە شێوەیەکی سەرەکی دژ بە گەشتیارانی ئێرانی کە بەرەو بەغدا دەڕۆن ئەنجامدەدرێت لەرێگەی خانەقین ـ قزل رەباتدا.

ز ـ قاچاخچێتی: لە سنوورێکدا کە نزیکەی سەدوپەنجا میلە لەم قەزایەداو بەحکومەتێك کە لە سەرەتای کاریدا بێت گرانە ئەوە ساغبکرێتەوە کە تا چەند قاچاخچێتی بەڕێوەدەچێت. لە ئێستادا پاسەوانانی پارێزگاریی زۆر جێبڕوانین‌و لەکەیسە تۆمەتبارەکاندا ناتوانرێت مەودای بازرگانی دیاری بکرێت و وا تێدەگەین کەوا مەسەلەکە زۆر گەورەنیەو بەزۆری بەندە بەو گوندانەی بەرهەمەکانیان لەمدیوو لەودیوی سنوور دەگۆڕنەوە.

## بــەشــی دادوەری

خشتەیەك بەجیا رەوانەی وەزارەتی داد کراوەو ئەو کردەوە تاوانکاریانە پیشاندەدات کە لەمساڵدا بەرپاکراون‌و ژمارەی حاڵەتە گرنگەکان کەمەو تەنها دوو حاڵەتی دانیشتنی دادگای بۆ کراوە.

دادگاکانی دادوەریی پلەیەك مامەڵەی لەگەڵ نۆزدە حاڵەتدا کردووەو زۆربەی زۆری حاڵەتەکان یان دۆسیەکان بچووکن‌و کاتێکی زۆری ئەفسەرەکانی بەریتانیا دەگرێت بۆ بڕیاردان لەسەر کاری زۆری گرنگتر. دەسەڵاتی دادوەریی پلە سێ دراوەتە سێ کاربەدەستی هیندیو ناوخۆیی لەخانەقین‌و مەندەلیو قزل رەبات‌و ئەوان لەگەڵ ئەو دۆسیانەدا مامەڵەیان کردووە بەگوێرەی دەسەڵاتەکانیان‌و ئەنجامەکانیشی مایەی قایلبوون‌و قەناعەت بووە.سەبارەت بەدۆسێ مەدەنییەکان دادگایەکی پلەیەك لەمساڵدا لەخانەقین کراوەتەوە بەسەرۆکایەتیی دادگا مەدەنییەکان لەباقووبەو پێدەچێت هەمان شت لەمەندەلیش پێویست بێت لەساڵی داهاتوودا. دادگاکانی سوڵح و شەرع لەخانەقین‌و مەندەلیو قزل رەبات دامەزراون‌و لەخوارەوە کورتەیەکی کارەکانیان دەخەینەڕوو:

### دادگاکانی سوڵح ساڵی 1919

| | خانەقین | مەندەلی | قزل رەبات |
|---|---|---|---|
| دۆسیەکانی کە تا کۆتایی 1918 ساغ نەبووەتەوە | 63 | – | – |
| دۆسیەکانی کاریان خراونەتە بەردەمی دادگا لەساڵی 1919دا | 297 | 312 | 68 |
| دۆسیەکانی کاریان لە سەر کراوە لەمیانەی ساڵی 1919دا | 189 | 306 | 42 |
| دۆسیەکانی دراونەتە دواوە | 105 | – | 6 |
| دۆسیەکانی هەڵپەسێردراون | 5 | - | - |
| دۆسیەکانی کە تا کۆتایی 1919 ساغ نەبووەتەوە | 61 | 6 | 10 |
| پسووڵەکانی ساڵی 1919ی دادگای سوڵح | 3721 روپیێ | 2084 روپیێ | 296 روپیێ |
| پسووڵەکانی ساڵی 1919 ی دادنوسی | 923 روپیێ | – | – |

**دادگاکانی شەرع ساڵی 1919**

| | خانەقین | مەندەلی | قزل رەبات |
|---|---|---|---|
| دۆسیەکانی خراونەتە بەردەمی دادگا لەماوەی ساڵی 1919دا | 6446 | 470 | 148 |
| دۆسیەکانی کاریان لە سەر کراوە لەمیانەی ساڵی 1919دا | 646 | 470 | 147 |
| دۆسیەکانی تا کۆتایی ساڵی 1919 ساغنەبوونەتەوە | ـ | 9 | 1 |

*فایەق ئەفەندیی ئالووسی، قازیی دادگای سوڵحی خانەقین لەساڵی تازەدا گوێزراوەتەوەو کارەکەی زۆر جێگەی رێزو ستایشە.*

## 3ـ لێڤـیو پۆلیس

### ئە ـ لێڤی

لێڤییەکانی خانەقین بە شێوەیەك لە شێوەکان هەمە کارەن و لەساڵی 1918 دا هیچ هێزێکی رێکخراوی لێڤی یان شەبانە لەم ناوچەیەدا نەبوو تەنها لە دیسەمبەری 1918دا بوو کەوا کاپتن پ. س. هارگرێڤس وەك جێگری حاکمی سیاسی گەیشتە خانەقینو دەستبەکار بوو بۆ پێکەوەنانی هێزێك. سەرەتاکە بە ناونووس کردنی لێڤییە کوردەکانی جاران دەستی پێکرد وەك کارێکی گونجاو. لە پاش پێداچوونەوەی دۆخەکە جێگری حاکمی سیاسیی شەبانە راپۆرتی خۆی بەرزکردەوەو تێیدا هاتووە کەوا بۆی دەرکەوتووە کە رێژەیەکی زۆری ئەسپی پیاوەکان تەواو بێکەڵکن بۆ ئیش بە هۆی بارودۆخی لاوازیو بێ ئالفییان.

مەشقدانی هەردوك سوارەو پیادە لە مانگەکانی بەراییدا لە ڕووی کردەییەوە مەحاڵ بوو، چونکە هەرچەندە خەڵك هەبوون خۆیان ناونووس بکەن، بەڵام داواکارییەکی پەرەسەندووی بەردەوام هەبوو بۆ پاسەوانییو وێستگەکانی هێڵی ئاسنینو مەخفەرەکانی سنوورو بەکردەیی پیاوانی رانەهێنراو بۆ ئەم کارانە دەنێردران. ئەڵبەتە تەنها لەکۆتایی شوباتدا بوو کە پیاوانی پێویست دەستکەوتنو لە بەبارەگای فەرماندەییدا دەستیان بە مەشق کرد. سەبارەت بە پیاوانی سوارە مەسەلەی ئەسپ کێشەیەکی گەورەی دروستکردو لەگەڵ ناونووس کردنیان دەبوو ئەسپی خۆیان بێنن بەڵام زۆربەی ئەو ئەسپانەی هێنابوویان بە کەڵکی کاری قورس نەدەهاتن.

لە مانگەکانی نیسانو مایسدا کارەکە روو لە باشە نەبووو کاتێ لە سلێمانیو هەڵەبجە کێشەو ئاژاوە سەریهەڵداو پێویست بەهێزبوو رەوانەی ئەوێ بکرێت زۆرینە حەزیان نەدەکرد دەست پێبکەنو ئەوانەشیان کە رەوانەکران هەر کە گەیشتنە نیوەی ڕێی خانەقینو هەڵەبجە قایل نەبوون لەوە زیاتر بڕۆن.

دواجار سێ مانگی تری ویست بۆ دووبارە رێکخستنەوەی هێزەکەو لە مانگی ئەیلوولدا کاپتن سی . ئی. بێری لە باقووبەوە گەیشتو فەرماندەیی هەردوو هێزی لێڤی باقووبە ـ خانەقینی لەئەستۆ گرت. تا ئەو دەمە رێکخستن نەیتوانی ناوچەی مەندەلی بگرێتەوەو شەبانە لەوێ لەمەخفەری جۆراوجۆردا جێگیر کرابوونو هێشتا هەر بێ مەشقکردن مابوونەوە. دوای سێ مانگی ساڵ هێزی لێڤی لە خانەقین پەرەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینی. بە هۆی پەرۆشیو کۆششی کاپتن سی. ئی. بێریو رەقیبی یەکەم ئێڵ. ئی. سێکستۆن. بە داخێکی زۆر قووڵەوە بۆ هەمووان کاپتن سی. ئی. بێری کوتوپڕ لێرە لە سەرەتای دیسەمبەردا نەخۆش کەوتو پاش ئەوەی چەند رۆژێکی کەم لەنەخۆشخانە لە بەغدا کەوت، کۆچی دوایی کرد. لە دیسەمبەردا رێکخستنی هێزەکە لە خانەقین تەواو بووو دەست کرا بە مەشق پێکردنی تاقمەکەی مەندەلیو بیست سوار هەڵبژێردران بۆ ئەوەی بێنە خانەقینو دەرکەوتنیان لە کۆتایی مانگدا بایەخو پەرۆشیەکی گەورەی ئەوانەی دەخایاند کە بەرپرسی مەشق پێکردنیان بوون جێی خۆیەتی کە بەکاریگەریی دەوروبەرو ئەو کەسانە بزانین

سەبارەت بەتوندوتۆڵیو راهێنانیان. هەڵبژاردنی شوێن لە خانەقیندا بەستراوە بەو خانانەی کە تێیدایەو هەموویان کەمو زۆر رووخاونو دەبێ چاك بکرێنەوە.

### بێ - پۆلیس

پۆلیس لە قەزاکەدا بە شێوەیەکی گونجاوتر پیاوانی چاودێری شارەوانین کە ئەركو فەرمانیان ناچێتە دەرەوەی شارەکانو بێگومان ئەوان هێزێکی راهێنراونو بە شێوەیەکی بنەڕەتی بۆ ئەوە دامەزراون کە یاساو نیزام لە بازاڕدا بپارێزن لە رۆژدا پاسەوانی بازاڕو شەقامەکان بکەن لە شەودا. بەم رەنگە ئەوان مایەی متمانەنو لە ماوەی دوانزە مانگی رابردوودا هەڵسوکەوتیان باشتر بووە. ئەوان بەهۆکاری کەم توانایی یان نائامادەییان لێوەشایی زۆر پیشان نادەن لە کەیسەکانی بەدواداچوون یان لێکۆڵینەوەی دزیداو هەروەها لە بارەی پێدانی زانیاری لە سەر گەیشتن یان جموجۆڵی کەسانی گومانلێکراو لەشارەکاندا. بێ راهێنانو مەشقکردن، کە لە ئێستادا مەحاڵە ئەوە بکرێت، چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێت هەستی پشتپێبەستنو متمانە بەخۆکردن بە دەستبێننو تەنها ئەمەش وایان لێدەکات لێهاتووبن.

## 4 ـ کشتوکاڵ

لە سەرەتای ساڵەوە ئومێدێکی تەواو هەبوو بەوەرزێکی زستانەی زۆر باشو سەرکەوتوو. لەم ناوچەیەدا بەرووبومی زستانە (گەنمو جۆ) گرنگیو بایەخێکی زۆری هەیە بە بەراورد لەگەڵ چاندنی بەرووبومی هاوینەدا. لەناوچەی مەندەلیدا بەرهەمی هاوینە زۆر کەمە چونکە هەموو ئەو ئاوانەی لە هاویندا هەن پێویستن بۆ باخەکانی دارخورماو ئەوەشی کە لە ئاودێریی ئەم باخانە دەمێنێتەوە بەکاردەهێنرێت بۆ چاندنی سەوزە و تەڕە.لە مانگی نۆڤەمبەری 1918داو مانگێك لەپێش چاوەڕێ کردنی ئاساییدا بارانێکی زۆرباش باریو ئەمەش وایکرد کە جووتیاران تۆوێکی باش بکەن. لەدیسەمبەری 1918دا رێژەی باران بارین زیادی کردو رێگەی لەداچاندنی زیاتر گرتو بەم

پێیە ئەو رووبەرە زەوییەی کە دەبوو بچێنرایە هاتە کەمی.لە مانگی کانوونی دووەمدا بارانی تەواو بارىو بەینی گونجاوی دەخست بۆ ئەوەی زەوی کەشی بێتو کاری تێدا بکرێتو چاندنی گەنمو جۆ لە سەرەتای شوباتدا کۆتایی پێهات. بەڵام لە مانگی مارتدا باران گرتیەوەو ئومێدی کزکرد بەوەزرێکی باشو لە نیسانیشدا هەروابوو، بەڵام بەروبوومی زووداچێنراوی دێم باشی هێنابووو درەنگ داچێنراوی دێمیش بە هۆی نەبارینی بارانەوە شکستی هێناو باش نەبوو. لە مانگی مایسداو رێك ئەو کاتەی کە بەروبووم پێگەیشتبوو چەند تەرزەبارینێکی چاوەڕوان نەکراو کێڵگەکانی کوتاو زیانی زۆری داو بەم پێیە وەرزەکە ئەوە دەرنەچوو کە بەتەمای بوون. لەگەڵ ئەوەشدا زەویی کێڵراوی راستەقینە زۆر زیاتر بوو لەساڵی پێشترو ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە تا ئێستاش قەزاکە هەر ناوچەی جەنگە.

ژمارە گونجاوەکانی ساڵانی 1918و 1919 بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**رووبەری چاندنی زستانە بە فەدان**

| | 1917 ـ 1918 | 1918 ـ 1919 | 1919 ـ 1920 |
|---|---|---|---|
| **خانەقین** | 100 | 794 | تا ئێستا ژمارەکە لەبەردەستدا نیە |
| **مەندەلی** | 1295 | 2388 | 2908 |
| **قزل رەبات** | 30 | 200 | تا ئێستا کۆتا ژمارە لەبەردەستدا نیە |

تا ئێستا زانیاریی جێ متمانە لەقەزاکەدا نیە سەبارەت بەو رووبەرانەی دەکرێنە کشتوکاڵو بە فەدان دیاری کرابێتو فەرمانگەی ئاودێریی هیچ رووپێویو ئیجرائاتێکی نەکردووە لە بارەی رووبەرەوەو کارمەندانی ناوخۆیی داهات راهێنانیان پێنەکراوە بەوردی ئەم کارانە بکەن.بەشێکی زۆری کشتوکاڵی زستانە دێمەو ئەو بەرووبومانەی پشت بە باران دەبەستن لەو پارچە زەویانەدا دادەچێنرێن کەوا زۆربەیان بچووكو نارێکنو بەم جۆرە هەر ئیجرائاتێکی ورد مەسەلەیکی زەحمەتەو بەئاسانی جێبەجێ ناکرێت. هەروەها لە ناوچەکەدا ژمارەیەك جۆگە ئاو هەنو زانیاریی ورد لە سەر قەبارەی

ئاوەکانیان‌و توانای ئاودێریی چەند رووبەری زەوییان هێشتا هەر نەزانراوە.لە قەزاکەدا کەمییەك هەیە لە ئاژەڵی زەوی کێڵاندا‌و گەلـێ لە جووتیارەکان دوودڵ بوون لە کڕینی ئەو گاجووتە هیندییە خەسێنراوانە کەوا حکومەت هاوردەی کردبوون بۆ ئەم مەبەستە. یەکجار داواکاریی زۆرتر بوو لەسەریان لەو ژمارەیەی کە هێنرابوو، کەچی دواتر لەهەموو قەزاکەداتەنها حەفتاویەك جووتیان لێکڕی. ئەمساڵ کشتوکاڵی هاوینە لە خوار ئاساییەوەبوو رووبەرەکەی لە لایەن دەستەی داهاتەوە بە دۆنم پێورابوو (دۆنم = 2500 مەتری چوار گۆشەیە)، بەڵام ژمارەکەی کە 1447 دۆنم بوو بۆ خانەقین‌و 387 دۆنم بوو بۆ قزل رەبات، بەوردو دروست لە قەڵەم نادرێت. لێرە بەرهەمی مەرەزە (برنج) تا ئێستا هەر خراپ بووەو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ژەنگ‌و بای گەرم.

لەمەندەلی، کشتوکاڵی هاوینە وەك نەبووەو حکومەت پار ساڵ تەنها سێسەد روپێی لـێ دەستکەوتووەو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا پار ساڵ هەوڵێك درا بۆ بەرفراوان کردنی چاندنی هاوینە بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئاو بەشی ناکات.ئاو دابینکردنی وەزری هاوین بۆ مەندەلی‌و قزل رەبات یەکێکە لە کێشە گەورەکان‌و لیژنەی سنووریش پێشتر خۆی لـێ گێل کردووەو ئێستا لەگەڵ والیی پشتکۆدا گفتوگۆی لە سەر دەکرێت بۆ چارەسەر. ئەم مەسەلەیە لە راپۆرتەکەدا بۆ ساڵی 1918 باسی لێوە کراوە لە ژێر ناونیشانی "ئاودێریی مەندەلی"دا.ئەفسەرێکی کشتوکاڵ چەند مانگێکی سەرەتای ساڵ لەناوچەکەدا نیشتەجێ بووو چەندین کیلگەی لە ژێر دەستدابووو تاقیکردنەوەی بەرووبومی تێیاندا ئەنجام دەدا، بەڵام لەپێش دروێنەدا ئێرەی بەجێهێشت‌و تاقیکردنەوەکانی نەگەیشتنە ئەنجام. لەو ژمارانەوە کە لەپاشکۆی ژمارە یەکدا دەردەکەون کەوا ناوچەکە هێند بایەخدار نیە لەدیدوبۆچوونێکی کشتوکاڵییەوە.

ناوچەی مەندەلی ساڵانە لە گەشەکردندایەو بۆ وەزری دروێنەی ساڵی 1920 کە حاڵی حازر لە کۆتایی ساڵدا (واتە 1919 ـ و) تۆمارکراوە، رووبەری زەویی چێنراو گەیشتووەتە 2908 فەدان‌و بەزیادەی 520 فەدان لەزەویی چێنراوی ئەمساڵ. خانەقینیش خەریکە بەهێواشی زیاد دەکات بەڵام گرفتاری دەستی کەمیی دانیشتوانە. زەوییەکانی قزل رەبات بە شێوەیەکی سەرەکی تاپۆن بەڵام

خاوەن ملّکەکە لەویّ نیەو زەوىو زارەکەی پشتگویّ خستووە. مەسەلەکە ئێستا خراوەتە بەرباسو راوێژکاری سەبارەت بە دەست بەسەرداگرتنی ئەم ملّکە تاپۆیە لەحالّەتی نەکیلاّنیدا.

سەبارەت بە شوعبەی هۆرێنو شێخان کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری قەزای خانەقینەوە ئەوە گوێزراوەتەوە سەر قەلّەمڕەوی جێگری حاکمی سیاسیی هەلّەبجە لەمسالّدا، چونکە زۆر لە هەلّەبجەوە نزیکترەو لە خانەقینیشەوە زۆر دوورە بۆ سەرپەرشتی کردنی بە شێوەیەکی کارامە. رووبەری چاندنی زستانە لێرە، لە سالّی 1919دا، بە سێسەد فەدان دەخەملّێنرێت.

بڕێکی دیاریکراوی لۆکە لەم قەزایەدا دەچێنرێتو جووتیارەکان لەمسالّدا تووشی دلّەڕاوکی بوون بۆ زیادکردنی بەرهەمو داوای تۆویان لە حکوومەت کردبوو، بەلاّم حکومەت بڕیاریداوە تۆو دابەش نەکات تا زانیاریی تەواو دەستەبەر نەبێت لە کێلّگەکانی تاقیکردنەوەوە لە بارەی گونجاوترین جۆرەوە.ئەمسالّ پەرەسەندنێکی باش بوو لە بووژانەوەی گەلێ باخی میوەو خورمادا هاتووەتە کایەوە، کە لەسالاّنی جەنگدا زیانیان پێگەیشتبوو یان پشتگویّ خرابوون، بەلاّم هیچ دوودلّییەك بۆ وەرگرتنی زەویی تازە لە حکوومەت بە پێی گرێبەستی موغارەسە. لە مارتدا ئەفسەرێکی دارستان بەناوی کاپتن بوك سەردانی خانەقینی کرد بۆ لێکۆلّینەوە لەئەگەری چاندنی دارستان لەناوچەکەداو راپۆرتێکی تێرو تەسەلی لە سەر ئەو بابەتە ئامادەکرد. بێجگە لە ناوچەی هۆرێن کە داربەڕووی زۆری لێیە لەبڕینی بیو چنارە تەمەن بچووکەکان پاسەوانی دارستانیان بۆ دامەزراوەو لە ئێستادا تەنها بڕینی دارگەز رێگەی پێدراوە، مەڕومالاّتو رەشەولاّخ لە هەموو شوێنێك لەدۆخێکی باشدا بوون. من پێمباشە هانی ناوچەی خانەقین بدرێت بۆ چاندنی پەتاتەو ئەو پەلّە زەوییانەی ئەمسالّ بۆ تاقیکردنەوە پەتاتەیان تێدا چێنراوە لە بارودۆخی کێلّگەی ئاساییدا کە تەنها پشتی بە باران بەستووە، ئەنجامی زۆر باشیان هەبووە، هەرچەندە دانیشتووانە خۆلاّتییەکان باوەڕیان بەوە نییە کە پەتاتە لە زەویی دێمدا بچێنن. حالّی حازر چاندنی تووتن لێرە قەدەغەیەو ئەگەر کەسێکیش بیڕوێنێت ئەوە دژ بە یاسایەو دەستی بەسەردا دەگیرێت.

## 5 ـ ئاودێری

جۆگەو کەناڵە بچووکەکانی ناوچەکە لە راپۆرتی ساڵی 1918دا باسکراون. کارمەندی فەرمانگەی ئاودێری لەم قەزایەدا نیەو لە ماوەی ئەمساڵەدا جار بەجار کارمەندانی ئەو فەرمانگە سەردانیان کردووە.لە مانگی شوباتداو پاش ئەوەی فیرقەی 14 قزل رەباتی بەجێهشتو هێزەکان چیتر پێویستیان بەکارهێنانی ئاوی سەدیق نابێتو بەم جۆرە ئامادەکاریی کراوە بۆ پاککردنەوەی ئەم کەناڵە بە سەرپەرشتیی فەرمانگەی ئاودێری. کارەکە لە لایەن لەشکری 42ی ئەشغاڵەوە جێەجێکراوبۆ یەکەمجار جووتیارەکانی قزل رەبات لە سەردەمی داگیرکردنەوە (لە لایەن بەریتانیاوە ـ و) بەکەیفی خۆیان ئاویان بەکاردەهێنا بێ بەربەستو قەدەغەیەك.

جۆگەی بنکوورە لە ناوچەی خانەقین، کە ئاودێریی زەویو زاری سیانزە خاوەن ملکی تاپۆدار دەکات لەمساڵدا بووبووە مایەی کێشەو ناکۆکی لە سەر مەسەلەی دابەشکردنی ئاوو کارێکی کردەیە کەوا کاربەدەستێك لە سەر خەرجو مەسرەفی خاوەن تاپۆکان دامەزرێت بۆ سەرپەرشتیی دابەشکردنی ئاوەکە، بەڵام وادیارە هیچ کاربەدەستێك ناتوانێت هەموو خەڵکە پەیوەندیدارەکە قایل بکات و هەمان کێشە لە جۆگەکانی خاوەن تاپۆکاندا هەن لەقەزای خانەقیندا.

گەلێ جۆگە ئاوی جۆراوجۆر لە مەندەلی، کەلەپشتکۆوە سەرچاوە دەگرن، لەهاویندا ئاوێکی مامناوەند دابین دەکەن. سەبارەت بەئابی گەنگیر نیاز وایە کە لە ساڵی داهاتوودا رێککەوتنێك بکرێت کەوا کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکەی لەدۆڵی سوماردا دێتەلای ئەم حکومەتە. سەبارەت بە کەناڵو ئاوەکانی لەناوچەکانی خانەقینو قزل رەباتن، کەوا یەکێکیان لێدەرچێت، هەموویان هی زەویی خاوەن تاپۆکانو بەرچاوترین دیاردە کە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە کە سەرکارو فەلاحەکان پاکیان بکەنەوە. لێرەدا شێخی دەسەڵاتدار دەتوانێ بخورێتە کرێکار بۆ پاککردنەوە لە سەرەتاوە بۆ کۆتاییو ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کە هەر گوندێك بەسەربەخۆیی خۆی لادەدا لەبەشی خۆی لەبەرپرسیاری.

## 6 ـ کەشوهەوا

ئەمەی خوارەوە رادەی باران بارینە بە ئینج لەساڵی 1919دا، لەوکاتەوە وەرگیراوە کە ئامێری باران پێو لە خانەقین دانراوە.

| مانگەکان | رادەی باران بارین بە ئینج |
|---|---|
| کانوونی دووەم | 05.42 |
| شوبات | 02.01 |
| مارت | 01.08 |
| نیسان | 04.00 |
| مایس | 01.49 |
| حوزێران | - |
| تەمووز | - |
| ئاب | - |
| ئەیلوول | - |
| تشرینی یەکەم | - |
| تشرینی دووەم | - |
| کانوونی یەکەم | 01.94 |
| **کۆی گشتی باران بارین بە ئینج** | **15.94** |

## 7 ـ داهـــات

لەراپۆرتەکەمدا بۆ ساڵی 1918 وردەکارییەکم لە سەرداهاتی ناوچەکە خستووەتەڕوو. لە ساڵی 1918دا پشکی حکومەت لەداهاتی زەوی بە بەروبووم وەرگیرا بۆ دابینکردنی پێداویستیی سەربازی، بەڵام ئەمساڵ 1919 بەروبووم وەك پێشتر خەملێنراوە بەڵام داهات بە کاش وەرگیرا بەرێژەی ئاڵوگۆڕ بەرێککەوتن لەگەڵ نرخی باوی بازاڕداو ل ەناوچە جیاوازەکاندا.

1ـ رێژەی بەروبوومی زستانە لە**خانەقین**و **قزل رەبات** وەك لە خوارەوە دەردەکەوێت:

| | |
|---|---|
| گەنم | 300 روپیێ بۆ هەزار کیلۆ |
| جۆ | 150 روپیێ بۆ هەزار کیلۆ |

**مـــەنــدەلی**

| | |
|---|---|
| گەنم | 250 روپیێ بۆ هەزار کیلۆ |
| جۆ | 90 روپیێ بۆ هەزار کیلۆ |

2 ـ رێژەی بەروبوومی هاوینە وەك یەکە لە سەرتاسەری قەزاکەداو هەندێ جار لەپێش دروێنەدا چەسپ دەکرێت‌و لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بەروبووم کۆدەکردێتەوەو رێژەی ئاڵوگۆڕ وەك لە خوارەوە دەردەکەوێت:

| | |
|---|---|
| گەنمەشامی (زوڕات) | 100 روپیێ بۆ هەزار کیلۆ |
| پۆڵکە (پاقلە مارانە) | 120 روپیێ بۆ هەزار کیلۆ |
| نۆك | 250 روپیێ بۆ هەزار کیلۆ |
| نیسك | 120 روپیێ بۆ هەزار کیلۆ |
| هەرزن | 50 روپیێ بۆ هەزار کیلۆ |

| | |
|---|---|
| چەڵتووك | 250 روپێ بۆ هەزار کیلۆ |
| کونجی | 300 روپێ بۆ هەزار کیلۆ |
| مـاش | 100 روپێ بۆ هەزار کیلۆ |
| لـۆکـه | 500 روپێ بۆ هەزار کیلۆ |

ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی بەراوردکاریی داهات پیشاندەدات بۆ ساڵی 1918و 1919، هەروەها داهاتی کاشی ساڵی 1919ش:

**خـانــەقــیـن**

**بەروبوومی وەرزی زستانه**

| | 1918 کیلۆ | 1919 کیلۆ | 1919 داهاتی کاش به روپێ |
|---|---|---|---|
| گەنم | 3923 | 9285 | 27610 |
| جۆ | 33458 | 12930 | 19354 |

**بەربوومی وەرزی هاوینه**

| | 1918 کیلۆ | 1919 کیلۆ | 1919 داهاتی کاش بە رووپێ |
|---|---|---|---|
| گەنمەشامی | 47319 | 33409 | 3341 |
| لۆکە | 40 | 2467 | 1233 |
| چەڵتوک | 3473 | 26786 | 6684 |
| کونجی | 2211 | 1771 | 531 |
| پۆڵکە (پاقلە مارانە) | 382 | 491 | 59 |
| ماش | 167 | 2.854 | 285 |
| هەرزن | 170 | 450 | 22 |
| نیسک | ـ | 39 | 4 |
| نۆك | ـ | 883 | 220 |

ـ باجی خورما بۆ هەردوو ساڵی 1918 و 1919 : 6480 و 7369 رووپێ

ـ باجی سەوزە و میوە بۆ هەردوو ساڵی 1918 و 1919 : 3414 و 9574 رووپێ

**قــزل رەبات**

**بەروبوومی زستانە**

| | 1918 کیلۆ | 1919 کیلۆ | 1919 داهاتی کاش بە رووپێ |
|---|---|---|---|
| گەنم | 4250 | 15585 | 4675 |
| جۆ | 11250 | 31687 | 4754 |

**بەروبوومی هاوینە**

| داهاتی کاش بە روپیٚ 1919 | 1919 | 1918 | |
|---|---|---|---|
| 247 | 2466 | 8000 | گەنمەشامی (زوڕات) |
| 1 | 80 | 1250 | هەرزن |
| 5 | 50 | 2239 | ماش |
| 1687 | 6750 | 2500 | چەڵتوك |

ـ باجی خورما بۆ هەردوو ساڵی 1918 و 1919 : 3269 و 2790 روپیٚ

ــ باجی سەوزە و میوە بۆ هەردوو ساڵی 1918 و 1919 : 3000 و 3501 روپیٚ

**مــەنــدەلی**

**بەروبوومی زستانە**

| 1919 داهاتی کاش بە روپیٚ | 1919 کیلۆ | 1918 کیلۆ | |
|---|---|---|---|
| 83478 | 383993 | 180367 | گەنم |
| 62735 | 697064 | 386979 | جۆ |

**بەروبوومی هاوینە**

| | 1918 کیلۆ | 1919 کیلۆ | 1919 داهاتی کاش به روپێ |
|---|---|---|---|
| گەنمەشامی (زوڕات) | 17850 | 2618 | 361 |
| هەرزن | 801 | ـ | ـ |
| گەنمەشامیی سپی | 218 | ـ | ـ |
| کونجی | 888 | 266 | 74 |
| بەزالیا | 22 | 841 | 10 |
| پۆلکە (پاقلە مارانە) | 231 | 1.427 | 171 |

ـ باجی خورما بۆ هەردوو ساڵی 1918 و 1919 : 71621 و 71485 روپێ

ـ باجی سەوزە و میوە بۆ هەردوو ساڵی 1918 و 1919 : 9420 و 21265 روپێ

- **پاشکۆی ژمارە (1):** تێکڕای بەرهەمی بەروبوومی جۆراوجۆر بۆ ساڵانی 1918 و1919 وەك لە لایەن دەستەی داهاتەوە خەملێنراوە:

**خانـەقـیـن**

| ***داهاتی جۆراوجۆر*** | **ساڵی 1918 روپیّ** | **ساڵی 1919 روپیّ** |
|---|---|---|
| داری سووتاندن (بەلێندەرایەتی) | 1267 | 2707 |
| رەگی عەرەب قۆزی | 160 | 864 |
| كۆدە (باجی ئاژەڵ) | 23683 | 16710 |
| فرۆشتنی تووتنی دەست بەسەردا گیراو | – | 317 |
| ســزا (غەرامە) | – | 200 |
| دەستكەوت لە فرۆشتنی خوێی چیاسورخ | – | 1825 |
| خوێی چیاسورخ (بەلێندەرایەتی) | – | 10000 |
| ***بـاجـی جۆراوجۆر*** | | |
| مۆڵەتی چەك هەلگرتن | – | 150 |
| باجی ئاژەڵ سەربڕین | 895 | **گوێزراوەتەوە بۆ سندوقی شاەوانی** |
| باجی پاكژ و لەوەڕخۆری | 1322 | 400 |
| مۆڵەتی تووتن فرۆشی (بە تاك) | 886 | 1693 |
| باجی تەنوور (فڕن) | 44 | 182 |
| باجی ئاش (ئاسیاو) | – | 5400 |
| مۆڵـەتی تووتن | – | 67 |
| ***قەرزی گشتیی عوسمانلی*** | | |
| باجی مەی دروستكردن | 2200 | 15112 |
| مۆڵەتی مەی فرۆشتن | 180 | 1180 |

| | | |
|---|---|---|
| مۆڵەتی مەی فرۆشتنی ئەوروپی | – | 100 |
| باجی ماسی فرۆشتن | 250 | 600 |
| مۆڵەتی راوە ماسی | 28 | 40 |
| مۆڵەتی چەك بەکارهێنان (تەقەکردن) | – | 15 |
| مۆڵەتی پووڵ فرۆشتن | 4300 | 5290 |

**قـزل رەبـات**

| | **ساڵی 1918 روپیێ** | **ساڵی 1919 روپیێ** |
|---|---|---|
| داری سووتاندن (بەڵێندەرایەتی) | 67 | 650 |
| کـۆدە (باجی ئاژەڵ) | 7850 | 8537 |
| سـزا (غەرامە) | – | 2579 |
| ***بـــاجــی جـۆراوجـۆر*** | | |
| باجی ئاژەڵ سەربڕین | 298 | **گوێزراوەتەوە بۆ سندوقی شارەوانی** |
| مۆڵەتی تووتن فرۆشتن (تاك) | – | 182 |
| ***قەرزی گشتیی عوسمانلی*** | | |
| بەڵێندەرایەتیی عارەق فرۆشتن | – | 550 |
| **باجی ماسی فرۆشتن** | – | 500 |
| **مۆڵەتی راوە ماسی** | 112 | 337 |
| **باجی پووڵ فرۆشتن** | 1000 | 182 |

**مــەنــدەلــی**

| | ساڵی 1918 روپیێ | ساڵی 1919 روپیێ |
|---|---|---|
| کـۆدە (باجی ئاژەڵ) | 477877 | 68338 |
| ســزا (غەرامە) | ـ | 164 |
| نەوت | 6950 | 514 |
| خەملاَندنی نرخی زەوی | 9320 | 17074 |
| سەرفەدان | 1410 | 3006 |
| داهاتی ملك و ماڵی حكومەت | ـ | 1346 |
| ***بــاجــی جۆراوجـۆر*** | | |
| باجی تەنوور (فڕن) | 21 | 65 |
| باجی كوورەی گەچ | 258 | 435 |
| كرمی ئاورێشم | 189 | 340 |
| باجی تووتن فرۆشتن | 2304 | 1906 |
| باجی فرۆشتنی تلیاك و حەشیشە | ـ | 25 |
| ***قەرزی گشتیی عوسمانلی*** | | |
| باجی عارەق دروستكردن | 8330 | 3000 تەنها بۆ سێ مانگی ساڵی 1919 |
| باجی مەی فرۆشتن | 900 | 600 |
| باجی پووڵ فرۆشتن | 2949 | 4033 |

ئەو بابەتانەی پێویستیان بە بایەخ و گرنگی پێدانە بە هۆی كەمیی داهاتەوە ئەمانەی خوارەوەن:

ـ **قزل رەبات** : باجی خورما، 2790 روپیێ یە لە ساڵی 1919دا لەبەرانبەر 3269 روپیێ لەساڵی 1918دا.

تێبینیی تایبەتیی خراوەتە سەر حیسابی ساڵی 1920 و کورتهێنان مایەی ڕەزامەندیی نابێت.

ـ **خانەقین**: باجی کۆدە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە بە هۆی ئەوەی کەوا بە نیوە لە خێڵە ئێرانیەکان وەرگیراوە، بەڵام ڕاشکاوانە ژمارەکان قەناعەتبەخش نین و پێویستە بۆ ساڵی 1920 بایەخێکی تایبەتی بدرێتێو بە هەمان شێوە ڕاستە باجی پاکژو پاوانلە خانەقین جێی ڕەزامەندیی نیە.

ـ باجی پووڵ فرۆشیی **قزل رەبات** دابەزیوە بە هۆی کشانەوەی کشانەوەی هێزی سەربازییەوە.

ـ کەمبوونەوەی باجی نەوتی مەندەلی بە هۆی ئەوەوەیە کە لەڕووی تەکنیکی و پراکتیکییەوە نەوتەکە بۆ کاری بیر هەڵکەندن لە کێڵگە نەوتییەکاندا بەکاردەهاتو بۆخەڵك نەبوو.

## 8 ـ تــاپـــۆ

لە ساڵی 1918دا فەرمانگەیەکی تاپۆ لە مەندەلی کرایەوەو کاری سەرەتاییان ژمێرکردنو نیشانە دانان بوو لە سەر باخو خانوو. لەشوباتی ساڵی 1919دا ڕێگەی پێدرا دەست بە مامەڵەکردنی تاپۆ بکات. لە مارتی 1919دا مەئموورێكو نووسەرێکی تاپۆ لە بەغداوە نێردران بۆ خانەقینو دەستیان دایە کارکردن لە خانەقینو قزل رەباتو ئۆفیسێکی هەمیشەییان لە خانەقین دامەزراندو لەتەموزدا ڕێگەیان پێدرا مامەڵە بکەنو لە نێوان دە بۆ کۆتایی مانگ 28 قەواڵەی تاپۆ تۆمارکرا. کردنەوەی تاپۆ بووە مایەی خۆشحاڵیی دانیشتووانو لە مانگی ئابدا 72 قەباڵەی تاپۆ ئەنجامدرا. لە مانگی ئەیلوولدا مەئمووری تاپۆو نووسەری خانەقین ڕەسمی تاپۆی زیادیان لە خەڵك سەندبوو بە نایاساییو بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان هێنابوو بۆیەلە سەر ئەوە دادگایی کرانو حوکمدرانو پاش ئەمان مەئموورو نووسەرێکی نوێ دانران. کاپتن ڕۆیدسی بەڕێوەبەری تاپۆ چەندین جار کارەکانی تاپۆی لەمەندەلیو خانەقین پشکنی.

ئەم خشتەیەی خوارەوە لیستی ئەو قەباڵانە دەخاتە ڕوو کە لە ماوەی ئەمساڵدا تەواو کراوە، لەگەڵ بڕی ئەو ڕەسمی تاپۆیە لەگەڵ ئەنجامدانی مامەڵەکردندا وەرگیراوە لە خانەقین‌و مەندەلی:

**خانەقین**

| | مامەڵەی تەواوکراو | پارەی وەرگیراو بەڕوپیە |
|---|---|---|
| فرۆشتن‌و گواستنەوە | 233 | 4973 |
| بارمتە (ڕەهن) | 88 | 425 |
| هەڵوەشاندنەوەی بارمتە | 39 | — |
| جۆراوجۆر | 100 | 1964 |
| ڕەسمی پشکنین | — | 796 |
| فرۆشتنی سەنەدی تاپۆ | — | 798 |
| **کۆی گشتی** | **408** | **8956 ڕوپیە** |

**مەندەلی**

| | مامەڵەی تەواوکراو | پارەی وەرگیراو بەڕوپیە |
|---|---|---|
| مڵك فرۆشتن | 130 | 2902 |
| مڵك گواستنەوە | 76 | 483 |
| جۆراوجۆر | 119 | 685 |
| بارمتە (ڕەهن) | 14 | 133 |
| هەڵوەشاندنەوەی بارمتە | 7 | — |
| **کۆی گشتی** | **346** | **4204 ڕوپیە** |

## 9 ـ وەقـــف

لەم قەزایەدا وەقف مەسەلەیەکی بایەخدار نیەو ئەو داهاتەی کە لێیەوە دەست دەکەوێت، بێجگە لە مەندەلی، زۆر کەمە. تایبەتمەندییەکانی ملکداریی وەقف لەناوچەکەدا لەراپۆرتەکەمدا بۆ ساڵی 1918و لەبەشی داهاتدا باسکراوەو کۆی داهاتی ساڵی 1919 بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| خانەقین | مەندەلی | قزل رەبات |
|---|---|---|
| 5234روپیە | 29298روپیە | 2561 روپیە |

جێگری حاکمی سیاسیی مەندەلی هۆشداریی لەو راستیە داوە کەوا ملکی وەقف لەمەندەلی باش ئیدارە نەدراوە بۆ دابینکردنی باشترین سوود و قازانج.

## 10 ـ پـەروەردەو خـوێـنـدن

بێجگە لە مەندەلی، کەوا لەدیسەمبەری 1918دا قوتابخانەیەکی تێدا کراوەتەوە، ناوچەکە تا سەرەتای ئەمساڵیش بێ قوتابخانە بوو. ئەڵبەتە زۆر زەحمەت بوو مامۆستای قوتابخانە قایل بکرێت بەغدا بەجێبێڵێت بۆ شوێنگەلێکی وەك خانەقینو قزل رەبات، کە ئەو دەمە دەکەوتنە پشتی هێڵی شەمەندەفەرەوە. لە شوباتی 1919دا قوتابخانەیەك لەقزل رەبات کرایەوەو چل منداڵی قوتابی چوونە بەر خوێندن تێیدا. لە نیساندا قوتابخانە لەخانەقینیش کرایەوەو حەفتا منداڵ چوونە بەر خوێندن. هەر لەم ماوەیەدا چەندین گوندی گەورەی دوورە شار داوای کردنەوەی قوتابخانەیان کردووە، بەڵام کەمیی مامۆستا رێگربوو لە بەدەمەوەچوونی داواکارییەکانیان، هەروەها دابینکردنی پێداویستیی گونجاو خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ قوتابخانەکانو لەم قەزایەدا بینای گونجاوی تێدا نیە و بێ بینای نوێ مەحاڵە پۆل هەبێت 20ـ30 منداڵی قوتابی بگرێتە خۆیو هەواگۆڕکێی باشی هەبێت لەهاویندا‌و باش گەرم بکرێت لە زستاندا

**ونەبوونی کەرەستەی پێویست لە ئێستادا کاریگەرییەکی پێچەوانەی دەبێت لە سەر خوێندکاران.بۆ یەکەم مانگەکانی ساڵ کەمیی مەتیریاڵی گونجاویش کاریگەریی زۆری هەبوو. لە ماوەی ئەمساڵدا گشت بیناکانی قوتابخانەکان چاککراونەتەوەو بەپێی توانا و وایان لێکراوە گونجاو بن، سەبارەت بە مامۆستایانیش کێشەکان لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرن کەوا کاتێ لە دوای پشووی هاوین لە ئابدا لەخانەقین قوتابخانەکرایەوە ، 93 منداڵی قوتابی هەبوون بەتاقە یەك مامۆستاوە. راستییەکەی تێبینیی ئەوە کراوە کە تەنانەت لەناو دەوڵەمەندەکانیشدا پارەی رەسمی چوونە قوتابخانە کە یەك روپێیە لە مانگێکداو خەڵکەکە دوودڵن ئەو برِە پارەیەش بدەن. هەموو باوكو دایکەکان گەورەترین ئارەزوویان هەیە کە دەبێ منداڵەکانیان فێری ئینگلیزی بکرێن تەنانەت پێش ئەوەی بتوانن عەرەبی بخوێننە و بنووسن. فێرکردنی ئینگلیزی بۆ ئەو قوتابیانە رێگەی پێدراوە کە بتوانن لەتاقیکردنەوەیەکدا دەربچن لەدەرسە بنەرِەتییەکانی یەکەم ساڵدا.**

**پشکنینی بەردەوامی قوتابخانەکان لە لایەن کاربەدەستانی پەروەردەوە بەکارێکی پێویست دەزانرێت، هەرچەندە لە ئێستادا لەوە تێدەگەین کەوا کەمیی مامۆستایانو هاتوچۆکردن مسەلەیەکی قورسو بگرە مەحاڵیشە. بەرەچاوکردنی ئەو ماوە کورتەی کە قوتابخانەکانی تێدا دامەزراوە کەچی گەشەکردنێکی باشیان بە خۆیانەوە بینیوەو باشیی خوێندنیش بەمنداڵەکانەوە دیارەو پزیشکی مەدەنیی قەزاکەش بە شێوەیەکی دەوری منداڵەکان دەپشکنێ. لەخانەقین، کەوا بارەگای لێڤیی تێدایە، راهێنەرێکی عەرەب خوازراوە بۆ ئەوەی وەرزشو راهێنانی جەستەیی بە منداڵەکان بکات.**

## 11 ـ ئەو پرسانەی کاریگەرییان هەیە لە سەر دەسەڵاتە سەربازییەکان

فیرقەی چواردە، کە بارەگاکەی لە مەرجانەیە، لە سەرەتای ساڵەوەو لە پێش هاتنی هاویندا ناوچەکەی بە جێهێشتو بێجگە لەکەتیبەیەك کە لە مەرجانە ماوەتەوەو چەند یەکەیەکی کەمی سەربازی لە سەر ئەو لقەی هێڵی ئاسنین کە بۆ قۆرەتوو دەچێت، هیچ هێزێك لەناوچەکەدا نەماوەتەوە.یەکەکانی گواستنەوەی میکانیکی کە جاران لەخانەقین بوون ڕۆیشتنو خانەقین وەك سەنتەرێکی سەربازی داخرا. لە مانگی حوزێراندا و بەدوای بەرپابوونی ئاژاەوەو پشێوی لە سلێمانیو هەڵەبجە، ڕەتلێکی سەربازی لەبەغداوە گەیشتنو چەند ڕۆژێك لە گوندی مووسا عوسمانی نزیك خانەقین مانەوە پێش ئەوەی بە پیادەڕۆیی هەڵکشێن بەرەو هەڵەبجە. زانیاریی پێویست سەبارەت بەرێگاوبانو تەجهیزاتو.. تاد، کە پیادەرۆییەکە بۆ هەڵەبجە دەیخواست لە لایەن ئەم ئۆفیسەوە دابینکراوەو ڕەتڵەکەش لە لایەن جێگری حاکمی سیاسیی هەڵەبجەوە یاوەریی دەکرا.

کەتیبەکەی کە لە مەرجانە مابووەوە لەمساڵدا سکاڵای ئەوەی دەکرد کەوا چەند جارێك دزیی لەکەمپەکەیان کراوەو لەبەرئەوە لێڤیی خانەقین گەلێ جار دەچوونە دێهاتی ئەو ناوەو دەیانپشکنی. راپۆرت لە سەر رێگاوبانو ئەو شتانەی لەخزمەتی گشتیی سەربازیدان چەندین جار پێویست بووەو دراوە بەلیوای 51و ئەفسەری فەرمانندەی ناوچەی مەرجانە.

## 12ـ شـــــارەوانـــــی

### خـــانــەقــیــن

لە ماوەی ئەمساڵدا شارەوانیی خانەقین گەلێ گۆڕانکاریی بەخۆوە بینیوە و من لە راپۆرتەکەمدا بۆ ساڵی 1918 ئەو بۆنەیەم قۆستەوە بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەی دارایی هێشتا هەر کێشەیەکەو دەبێ چارەسەر بکرێت، چونکە کەمدەرامەتی لەکۆتایی دیسەمبەری 1918دا هێشتا هەر لەرێژەی نزیکەی دوو هەزار روپێدا بوو لە مانگێکدا.ئەمساڵ باری ئابووری باشترەو زیاتر بوونی داهاتی شارەوانی دەرەنجامێکی باشی هەبوو، بەڕادەیەك کەوا شارەوانی توانای هەیە باڵانسی 18988 روپێ داهات رابگرێت وەك زیادەو پاشەکەوتێك لەخەرجی ساڵێکی کارکردنی زیادە بنەڕەتییەکان لەباجو داهاتی شارەوانی لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەخرێتە ڕوو:

| | ساڵی 1918 ـ بەروپێ | ساڵی 1919 ـ بەروپێ |
|---|---|---|
| باجی دوکانو خانوو | 3169 | 7772 |
| باجی قەسابخانە | 1625 | 2825 |
| باجی زەوی | 225 | 735 |
| باجی ئاهەنگو گۆرانی | 246 | 1001 |
| باجی خانووبەرە | 37 | 51 |
| باجی دەلالی | 1939 | 13001 |
| باجی سزادان (غەرامە) | 4414 | 285 |
| باجی کەڵەك | 442 | 835 |
| باجی مۆڵەتو ئیجازەدان | 450 | 825 |
| باجی ئابخۆری | 18066 | 38336 |
| باجی مەیدانییە | 1134 | 3600 |
| باجی پاسەوانییە | 1968 | 787 |

بێجگە لەوەش باجی خانووبەرە جارێکی تر پێداچوونەوەی تێدا کراو بۆ 12 مانگەکانی ساڵ 7772 روپێی دەستەبەرکرد. مەترسیی ئەوەش هەیە کە باجی ئابخۆری لە داهاتوودا زۆر کەم بێتەوە بە هۆی ئەو لقەی هێڵی ئاسنینەوە کە لە بەغداوە دەگاتە قۆرەتوو لە سەر سنووری ئێران. ئەم باجەش بەندە بە کاروانەکانو گواستنەوەی ئەو ئاژەڵانەوە کە بەناو شاردا تێدەپەڕین. لەکۆتایی ساڵی 1918دا ئەو ژمارە خەڵکەی لە خانەی هەژارانو هەتیوخانەدا بوون دابەزی بۆ حەفتاکەس. ژمارەی راگیراوان لەبەندیخانەدا لە ئێستادا 29 کەسی گەورەو 5 منداڵن، هەروەها حەوت منداڵی ئێرانی لە لایەن قەشە مستەر ستیدەوە وەرگیراونو نێردراون بۆ مسیۆنێریی (تەبشیریی) ئەمریکی لەکرماشان.

لە سەرەتای ساڵەوە پاکوخاوێنی زۆری مابوو جێی رەزامەندی بێتو لە مانگی کانوونی دووەمدا دوو سێرجانت (عەریف) ی پاکوخاوێنی تەرخان کران بۆ ئەو کارەو دوای تەواوبوونی خزمەتیان چاوشێکی ناوخۆیی پاکوخاوێنی لەشوێنیان دانراو کارێکی باش دەکات هەرچەندە ئیشی زۆر ماوە ئەنجام بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی شەقامو کۆڵانەکان لەمساڵدا زۆر باش بەرەو پوختیو رێکی رۆیشتوون. خانەقین شارێکە زۆر زەحمەتو گرانە دۆخی پاکوخاوێنیی تێدا بپارێزرێت لەبەرئەوەی یەکەم شارە بەردەوام ژمارەیەکی زۆری زیارەتکەران (بۆ کەربەلاو نەجەف ـ و)، هەروەها سواڵکەرانی لەئێرانەوە دێنە ئێرەو بیر لە پاکوخاوێنی ناکەنەوە، بەڵام لەرێگەیاندا بەرەو بەغدا وردە وردە خەریکە فێری بنەما سەرەتاییەکانی خاوێنی دەبن.یاسا ناوخۆییەکانی پاکوخاوێنی بەڕوونیو دیاریکراوی بڵاوکراوەتەوەو سزای غەرامە سەپێنراوە بەسەر ئەو ماڵو دوکاندارو خەڵکانەدا کە پەیڕەویی یاساو ڕێساکانی پاکوخاوێنییان نەکردووە.رووناك کردنەوەی شارەکە زۆر جێی رەزامەندی نیە، هەرچەندە لەماوەی ئەمساڵدا گەلێ چرای ئیزافیی رۆشنکردنەوە لە شەقامەکاندا دانراون. بەزیادبوونی بەلانسی متمانەو قازانجەکانی شارەوانی دەکرێ بەزوویی سیستەمێکی کارا بەرقەرار بکرێت.

له مسالّدا بازرگانی به شێوەیەکی زۆر چاك بووژاوەتەوە بە پشتبەستن بەو ڕاستییەی کەوا هەموو دوکانێك له بازاڕدا گیراوەو مامەڵەی تێدا دەکرێتو کرێ دوکانیش هێند بەرزبووەتەوەو گەیشتووەتە ئاستێك کەوا کۆمیتەیەك پێکهاتووە بۆ ناوبژی کردن له نێوان خاوەن ملّكو کرێچییەکاندا.

له رێگەی ترانزێتو گواستنەوەی کالاّ و شمەك له سنووری ئێرانەوە بۆ بەغدا بەشەمەندەفەر دەبوو کاریگەریی له سەر بازرگانیی ناوخۆیی هەبوایە بەلاّم پێناچێت تا ئێستا له خانەقین هەستی پێکرابێت. ئەمسالّ نرخی دانەوێڵە زۆر گرانەو له مانگی دوانزەی 1918دا نرخی گەنم 650 روپیّ بوو بۆ یەك تەنی مەتریو جۆ 390روپیّ بوو له بازاڕداو نرخ لەمانگی دوانزەی 1919دا هێشتا هەر بەرز بوو، کە گەنم 350 روپیو جۆ 250 روپیّ بوو بۆ هەر تەنێك.

دانیشتووان بایەخێکی ئەوتۆ بەکاروباری شارەوانی نادەنو تا ئێستا ئەنجومەنێکی شارەوانییان نیەو دەبیّ هەوڵێکی ئیزافی بدریّ له سەرەتای سالّی تازەدا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێك.له ماوەی ئەمسالّدا رادەی بینا دروستکردن زۆر کەم بوو، بێگومان لەبەر هۆکاری خەرجو مەسرەفی زۆرو بەرزیی نرخ بووەو لەزۆربەی حالّەتەکاندا تەنها چاککردنەوەی پێویست جێبەجیّ کرا بۆ ئەوەی بیناو خانووەکان نەڕووخێن. خانە گەورەکانی زیارەتکەران تا ئێستاش لەحالّەتێکی پەرپووت و نیوە ڕووخاودا ماونەتەوە.له سەرەتای سالّی 1919دا هەموو باجەکانی شارەوانی خراوەتە زیادکردنی ئاشکراوە بۆ ماوەی شەشە مانگ، وەك جێگری حاکمی سیاسیی باسی کرد. بەراوردێك لەگەلّ پسووڵەکانی شەش مانگی پێشتردا کەوا باجەکان لەرێگەی فەرمانگەکانەوە کۆکرانەوەو ئەمەش ئەوپەڕی گەوجییە ئەو کارە بکرێت تاوەکو مەئموورەکان راهێنانی تەواویان پێدەکرێتو گەشە دەکەن.

داهاتی شارەوانی له دۆخێکدایە کە جێی رەزامەندییەو بەلاّنسێکی متمانە بەبڕی 9859 روپیّ له کارەکانی ئەمسالّی شارەوانی ئاشکرا کراوە. بە هەرحالّ مەندەلی پێویستیو داواکاریی زۆرەو ئەگەر جێبەجیّ بکرێت ئەوە جزدانی پارەکەی ئێستای شارەوانی هەلّدەتەکێنیّ. مەندەلیو

شارەدێی قەزانیە سەروو یانزە هەزار دانیشتوویان تێدا نیشتەجێیە و خەڵك لێرە حاڵو گوزەرانیان باشە، بەڵام لەبەر دوورەدەستیو دابڕانی مەندەلی، کە دەبێ چلو پێنج میل بەناو دەشتاییدا بڕۆیت تا دەگەیتە نزیکترین شارو لەبەر ئەوە بە ئێستاشەوە مەحاڵ بووە پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێت.لە پێش هەموو پێویستییەکانەوە نەخۆشخانەیەكو دەرمانخانەیەکی گونجاو بەیاریدەدەرێکی پزیشکی نەشتەرگەری کارامەوە پرسێکی سەرەکییە. لە حاڵی حازردا ئەم شوێنە شارستانە بەدانیشتووانێکی گەورەوە لەگەڵ دانیشتووانێکی ئیزافیی هۆزەکانی دەوروبەری کە خۆی لە دوانزە هەزار کەس دەدات، کەچی دەبێ بەتەواوی پشت ببەستێ بە حاکمێکی پێشتر سەر بەتورکو لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر ئارەزووی کارو خزمەت دەکات بەڵام ناتوانــێ مامەڵە لەگەڵ هیچ شتێکدا بکات حاڵەتە بچووکەکان نەبێت.هەروەها مەسەلەی بازاڕیش یەکێکە لە تێبینیو داواکارییەکان و لە بازاڕی مەندەلیدا سەدو هەشتا دوکان هەیەو زۆربەی زۆریان ملکی یەك کەسن کە عەبدولکەریم چەلەبییەو ئەنجامی ئەمەش کرێکان بەزۆری بەرزن. لە ئێستادا دەرگا واڵایە چ بۆ کەرتی تایبەت یان وەك ئەگەری پرۆژەیەکی شارەوانی بۆ رەچاوکردنی دروستکردنی بازاڕێکی تر، هەروەها رووناك کردنەوەی شاریش پێویستی بەچاککردنو پەرەپێدانە بەپێی دەرەفەتو رەخسانی دارایی.

**قــزل رەبــات**

لە ساڵی 1918دا شارەوانی نەیدەتوانی پشت بە خۆی ببەستێت و لەمساڵدا پێداچوونەوەی تێداکراو داهات گەشەی کردو باجی خانووبەرە پێداچوونەوەیتێداکراو ئەنجامەکەشی بەڵانسی متمانەی 16857 روپێ دەستدەکەوێت لە ساڵەکەدا. لە ماوەی بەشی یەکەمی ساڵدا گەلێ لەکۆمپانیا سەربازییەکانو بەشە سەربازییەکانی تریش ئۆفیسیان لە شاردا هەبوو، بەڵام بەکشانەوەی فیرقەی چواردە بیناکان گەڕێنرانەوە بۆ خاوەنەکانیانو دەمێك نیە جێگرێکی حاکمی سیاسی لەوێ دەستبەکار بووە. ئەنجام زۆر گرانە شارۆچکەکە ئاستی پاکوخاوێنیی جارانی بهێڵێتەوە و کارمەندانی ناوخۆیی شارەوانی مایەی پەسندیی نین و بەم پێیە گۆڕانی ستافەکە

پێویستە. یاریدەدەری جێگری حاکمی سیاسی کە لە جێگەی جێگری حاکمی سیاسی دامەزراوە تا ڕادەیەك بەرەوڕووی ئەرکێکی قورس بووەتەوە.

## 13ـنەخۆشخانەو دەرمانخانە

پزیشکی نەشتەرگەری مەدەنیی ناوچەی خانەقین ڕاپۆرتێکی جیای لە سەر فەرمانگەی تەندروستی ناردووە. لە ڕاپۆرتەکەمدا بۆ ساڵی 1918 تێبینیی ئەوەم نووسیبوو کەوا خزمەتگوزاریی پزیشکی لەقەزاکەدا کەموکووڕیی زۆری تێدایەو من بەداخەوەم کە لە ڕاپۆرتی ئێستامداو لە پاش ساڵێکی تر، کەوا بێجگە لە خانەقین بارودۆخی تەندروستی هیچ چاکسازییەکی بەخۆیەوە نەبینیوەو لە ڕاستیشدا کەمیکردووە و زیاتر قسەم لە سەر مەندەلی‌و قزل ڕەباتە کە دواتر دێمەوە سەری. لە خانەقین،لە سەرەتای ساڵەوە نەخۆشخانەو درەمانخانە مەدەنییەکە گواستیانەوە بۆ بینایەکی تازە لەگەڵ دابینکردنی کەلوپەل‌و پێداویستی بۆ 42 قەروێڵەی نەخۆش و بیناکەی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردرابوو لەمساڵدا چاککرابووەوەو زۆر جێی ڕەزامەندییە.لە مانگی کانوونی دووەمدا دکتۆر ئاڵتوونیان، کە دکتۆرێکی ئەرمەنییە، گەیشتە خانەقین وەك دکتۆری نەشتەرگەری مەدەنی لەگەڵ ژمارەیەك ستافی تردا بۆ گەڕان بەدوای سەرنج‌و تێبینیی مانگانەی تەندروستی.پیادەکردنی وەرگرتنی ڕەسمی کەم لەنەخۆشە دەوڵەمەندەکان لە ئێستادا پێداچوونەوەی تێداکراوەو بێجگە لەوەش پزیشکی مەدەنی کاری تایبەتی خۆیشی دەکات لەم ڕووەوە. بە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی زایەندییەوە (تناسلی)، بەشێکی تایبەت لە نەخۆشخانەکە کراوەتەوە کەوا لەشفرۆشانی سۆزانیخانەیەکی ناوخۆ چوونەتە ژێرباری پێدانی بڕە پارەیەك بۆ دابینکردنی خەرجی خۆراك‌و چارەسەر. ئەمەش لە دەرەوەی ئەو پرسیارەیە کە ئاخۆ کارەکە سوودبەخشە یان نە.لە مانگی تەمووزدا دکتۆر ئاڵتوونیان ڕۆیشت‌و کاپتن جەی. دیکی بە پزیشکی نەشتەرگەری مەدەنی لە خانەقین دامەزراو دەستی کرد بە ریفۆرمی جۆراوجۆری پێویست لە قەزاکەدا لە نێویاندا:

(ئە) تۆمارکردنی حەکیمو مامانەکانی ناوخۆو لە حەکیمەکان کەسیان نەهاتنە پێشەوە بۆ سەلماندنی هەر بەلگەیەکی زانستی پزیشکی، بەلام بیستو سێ مامان تۆمارکران.

(بێ) ناساندنی یاساوڕێسای ناوخۆی پاکوخاوێنی.

نەبوونی هۆکاری گواستنەوەو هەروەها نەبوونی هیچ یاریدەدەرێکی پزیشکی لە خانەقین وای لەدکتۆری مەدەنی کرد مەحالٚ بێت لەقەزاکەدا توور بکات، واتە بگەڕێ بەسەر نەخۆشەکانداو نەشتوانی سەرپەرشتیی کاروباری مەندەلی یان قزل رەبات بکات. بێگومان بەڕەچاوکردنی کەمیی دکتۆر لەم ولاتەدا بەدڵنیایی ئەوانەی کە هەن ناتوانن باشترین خزمەتگوزاری بە ئەنجام بگەیەنن تاوەکو لەو شوێن و بنکە تەندروستیانەی کاری تێدا دەکەن یاریدەدەری پزیشکان لەبەردەستدا نەبن بۆ دابینکردنی چارەسەر بۆ حاڵەتی سووكو یارمەتیی دکتۆرە نەشتەرگەرەکان بدەن لەحاڵەتی نەشتەرگەریو نەخۆشیی مەترسیدار.

لە مانگی نیساندا نەخۆشخانەو دەرمانخانەکەی قزل رەبات هەردوکیان داخران بە هۆی نەبوونی پزیشکی یاریدەرەوە و هەرگیز جارێکی تر نەکرانەوە. مەندەلی بەدوانزە هەزار کەسی دانیشتووانی ناو شارو هێندەی تریش لەتیرەو هۆزەکانی دێهاتی دەوروبەری پشتیان بەستووە بەیەك حەکیمی ناکارای ناوخۆیی. بەڕای من پێویستییەکی خێراو بەپەلە هەیە کەوا بۆ هەر کام لەخانەقینو مەندەلیو قزل رەبات پزیشکێکی یاریدەدەر پەیدا بکرێتو تەنها کاتێك کە ئەمە دەکرێتو پزیشکی قەزاکە ئاسانکاریی گەڕانو پشکنینو سەرپەرشتی کردنی بخرێتە بەردەست ئەوکاتە سوودی تەواوی خۆی دەگەیەنێت. لە هەمان کاتیشدا ئەو هۆکارو ئاسانکارییانە بۆ دانیشتووانی ناوخۆ دابین بکرێت کەوا بێگومان داوای دەکەنو هیوایان پێی هەیە. لەخانەقین بەشی چارەسەری دەرەکی لەنەخۆشخانە دوانزە هەزار نەخۆشی بینیوەو تیماری کردوون لەماوەی ئەمساڵداو لەمەندەلیش 12740 حاڵەت تیمار کراوە. لە مانگی ئابی 1919وە 175 نەخۆش لەنەخۆشخانە کەوتوونو چارەسەریان بۆ کراوە.

## 14 ـ بابـەتـی جـۆراوجـۆر

### (أ) نەوتو کێڵگەی نەوت

بە درێژایی ساڵ هەڵکەندن لەپەرەسەندندایە لەو بیرە نەوتانەی دەکەونە سەر رووباری نەفت (رەنگە مەبەستی نەفتخانە بێت ـ و)، کە دەکەوێتە نیوەی رێگەی نێوان خانەقینو مەندەلی. لە ئاخروئۆخری ساڵدا چەند رووداوێکی شکانو پەککەوتنی ئامێرو مەکینەکان پەرەسەندنی کارەکەی وەستاند. نەوتە خاوەکە تا ئەمساڵیش سەرچاوەیەك بوو بۆ داهاتی قەزاکە، بەڵام لەو کاتەوە کە پرۆسەی بیر هەڵکەندن بە پراکتیکی دەستیپێکردووە ئەوە هەموو نەوتەکە تەرخان کراوە بۆ وەگەڕخستنی ئامێرەکان.

### (ب) رێگاوبانەکان

ئەمساڵ رێگەیەکی زۆر باش لە خانەقینەوە بۆ نەفتحانە کراوەتەوەو لە لایەن لە شکری حەوتەمی ئەشغاڵی هیندییەوە جێبەجێکراوە. درێژیی رێگەکە نزیکەی 25 میلەو بەم پێیە نیوەی رێگەیە بۆ مەندەلی. لە کاتێکدا لەشکری ئەشغاڵ هێشتا لەو رێگایە کاری دەکرد پێشنیازکرا کە دەبێ تا مەندەلی تەواوی بکەن. ئەمەش هێڵێك دەبێ بۆ خزمەتگوزاریی پەیوەندی بە درێژایی سنووری ئێران. لە ئێستاشدا کووت ـ بەدرە ـ مەندەلی بەرێگەیەك پێکەوە بەستراونو بۆ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش گونجاوەو ئەو بیست میل رێگەیەش لەنەفتحانەوە بۆ مەندەلی دەکرێ بخرێتە خزمەتی پەیوەندیی هاتوچۆ لە کووتەوە بۆ خانەقینو قەسری شیرین. پرۆژەکە رەزامەندی لە سەر دراوە بەڵام لەشکری حەوتەمی ئەشغاڵی هیندی کشاوەتەوە بۆ شوێنێکی ترو تەنها لەشکرێکی تری ئەشغاڵ کە لەبەردەستدا بێت لەشکری ( 42)ی کوردەو بەشێکی زۆری ئافرەتەو بێسوودە بۆ ئەم کارە. رێگەیەکی خراپو پڕ لەچاڵو چۆڵیش لە لایەن جێگری حاکمی سیاسیی مەندەلییەوە دروستکراوەو دەتوانی بەئۆتۆمبێلێکی فۆرد لەکەشێکی بەستەڵەکدا لە خانەقینەوە بۆ مەندەلی بەچوار کاتژمێر بکەیت.

**(ج) پــــردەکــــان**

بە درێژایی ئەو ماوەیەی فیرقەی 12 لەم ناوچەیەدا جێگیربوو گەلێ لە کۆپری و پردە بچووکەکانی سەر ڕێگەی بەغدا لە لایەن یەکە سەربازییەکانەوە دەستیان پێدا دەهێنراو چاکدەکرانەوە. لە کاتی پاشەکشەی هێزەکاندا لیستێك لەپردە پێویستەکان ڕێکوپێك کرانەوەو ئەوانەشی پێویست نەبوون بۆ مەبەستی سەربازی ڕادەستی ئیدارەی مەدەنی کران بۆ چاککردنەوە.

**(د) فـڕۆکـەخـانـەکان (گۆڕەپانی نیشتنەوەی فڕۆکەی ئەو سەردەمە ـ وەرگێڕ)**

لە خانەقین‌و مەندەلی‌و قزل ڕەباتدا سێ شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکە هەیەو حاکمە سیاسییەکان بەرپرسن لە چاکنەکردنەوەو ڕێکنەخستنەوەی دوانەکەی یەکەمیان، لەکاتێکدا ئەوەی قزل ڕەبات لە لایەن هێزی سەربازییەوە چاککراوەتەوەو خزمەت دەکرێت.

**(هـ) ئۆفیسەکانی پۆستەو تەلەگراف**

فەرمانگە یان ئۆفیسە مەدەنییەکان لە خانەقین‌و مەندەلی‌و قزل ڕەبات کراونەتەوە بەڵام حاڵی حازر قەبارەی کارکردنیان بچووکە. پەیوەندیی تەلەگرافی لەگەڵ مەندەلیدا تێکچووەو پێدەچێت هێڵی تەلەکان بە شێوەیەکی گونجاو سەرپەرشتیی نەکرابێت. زانیاریم بۆ هاتووە کەوا دانیشتووانی مەندەلی کۆڵیان لەوە داوە کە تەلەگراف بەهۆکارێکی خێرا دابنێن بۆ ڕاییکردنی ئیش‌وکاریان.

**(و) هێڵی ئاسنین**

هێڵی ئاسنین یا هێڵی شەمەندەفەر لەکۆتایی ساڵی 1918 لەبەغداوە گەیشتە قزل ڕەبات‌و کە ماوەی ئەمساڵدا (واتە 1919 ـ و) کاری تێدا کراو گەیشتە وێستگەی سەر ڕێگای خانەقین (کە 7میل لە خانەقینەوە دوورە)و لەوێشەوە بۆ قۆرەتوو لە سەر سنووری ئێران.

لە یەکەم مانگەکانی ساڵدا تواناى هاتوچۆى مەدەنی زۆر سنووردار بوو بە هۆى پێویستیی سەربازییەوە. لە مانگی تەمووزدا وێستگەیەکی کاڵاو کەلوپەلی مەدەنی لەتەیروقی نزیك سنوور کرایەوەو بەمجۆرە زۆربەى کاڵاو شمەك لە ئێرانەوە دەهاتو بەپێچەوانەشەوە بەرەو ئەوێ دەڕۆیشت و ئیتر لەرێگەى کاروانەوە بەشاری خانەقیندا تێپەڕی نەدەکرد.

### (ز) رووپێوی

تیمەکانی رووپێوی کە لە لایەن بەڕێوەبەری رووپێوییەوە دەنێردران لە کاتی جیاجیادا خەریکی کارکردنە لەنێوان خانەقینو مەندەلیو مەندەلیو بەدرەدا.

### (ح) نەخۆشخانەی ڤێترنەری (بەیتاڵخانە)

لە مانگی حوزێرانداو لەدواى فرۆشتنی ژمارەیەك ئەسپو هێستری سوپا بە بازرگانە مەدەنییەکانو تێبینی کردنی گەلێ حاڵەتی مامەڵەی خراپو دلڕەقی بەرانبەر بە ئاژەڵ. نەخۆشخانەی ڤێترنەری لە خانەقین کرایەوەو یاریدەدەرێکی پزیشکی بەیتەری بە بەرپرسی دانراو لە هەموو ئەو خاوەن ئاژەلانەى کە ئاژەڵە نەخۆشەکانیان دەهێنا بۆ تیمارکردن کرێیەك وەردەگیراو زۆری نەخایاند بەیتاڵخانەکە پڕبوو و رۆژی واهەبوو سەد ئاژەڵی بۆ دەبرا.

### (ت)هاتوچۆی زیارەتکەران و گواستنەوەی تەرم

لە دواى کۆتایی هاتنی ناکۆکیو دوژمنایەتی، هاتوچۆی زیارەتکەرانی ئێرانیو گواستنەوەى تەرمیان بۆ شارە پیرۆزەکانی کەربەلاو نەجەف بووژایەوە، پاش کزبوونی لەماوەى جەنگدا. ژمارەی زیارتکەران لەمساڵدا بەم قەزایەدا گوزەریان کردووە نزیکەى شەست هەزار حاجی کەربەلاو نەجەفو 4600 تەرم بووە. ژمارەیەکی بەرچاوی زیارەتکەران لێرە لە نەخۆشخانەکە کەوتوون لە بەر نەخۆشکەوتنیان کە بەزۆری بە هۆی لاوازیو شەکەتیی رێگاوە بووە. ئەم هاتوچۆیە بەسروشتی بووژانەوەو گەشەکردنی بازرگانیی بۆ خانەقین دەستبەر کردووە.

**(ی) مۆڵەتی چەك هەڵگرتن**

ئەم بابەتە لە کۆتا مانگی ئەمساڵدا پێداچوونەوەی تێداکراو دەبێ ئەو تفەنگو چەکانەی کە عەشایرەکان یان دانیشتووانی شار هەیانە مۆڵەتیان بۆ دەربکرێت. هێشتا زۆر زووە بڵێین ئەمە چەند کاریگەریی دەبێتو لە مانگی دیسەمبەردا 35 مۆڵەتی چەك هەڵگرتن دەرکراوە. (جاران بەم مۆڵەتە دەوترا پاسی تفەنگ ـ و).

**(ك) مەی فرۆشتن**

سەرخۆشیی مەی خواردنەوە زیاتر لە ناو دانیشتووانە دەوڵەمەندەکەدا بڵاوەو ئەو ڕەسمانەی لە سەر عارەقی دروستکراوی ناوخۆ وەردەگرێت ساڵ بەساڵ زیاد دەکاتو خواردنەوەی ئەوروپاییش پڕفرۆش نامێنێتەوە. مەیفرۆشی بە توندی کۆنترۆڵ کراوەو بێ مۆڵەت کەس ناتوانێ ئەو کارە بکات.

**(ل) تەندرووستیی ستاف**

لەبەر چەند هۆیەك، کە هێشتا بەتەواوی روون نەبووەتەوە، خانەقین بە شێوەیەکی خراپ ناوبانگی ناتەندروستی دەرکردووە. پێش ئەوەی من بێمە ئێرە لەساڵی 1918دا، یەك لە دوای یەك ئەفسەرەکانمان لە پاش ماوەیەکی کورت لە دەستبەکاربوونیان لە ئەركو فەرمانی نوێیاندا لێرە، هەموو نەخۆش دەکەوتنو قەزاکەیان بەجێدەهێشت. لەمساڵدا هەمان شت دووبارە بووەوەو چوار جێگری حاکمی سیاسی یەك لە دوای یەك هاتنو نەخۆش کەوتنو ئێرەیان بەجێهێشتو لەو ماوەیەشدا کە بە هۆی نەخۆشییەوە مۆڵەتیان وەردەگرتو ئەو کەسانەی کە ئەرکی ئەمانیان پێدەسپێردرا بێ هاوکارو یارمەتیدەر دەمانەوە. ئەڵبەتە بە کاریگەریی ئەم بارودۆخەی گۆڕانی بەردەوامدا زۆر زەحمەت بوو بەردەوامیی بە کارایی و لێهاتووییان بدرێت.هەمان رادەی ناساغیو نەخۆش کەوتن لە ناو کارمەندە هیندیو خۆوڵاتیەکانیشدا دروستبووو گۆڕانکاریی بەردەوام

**دەهاتە ئاراوەو راستێکەی کار گەیشتە ئەوەی بەئاسانی لە وڵاتەکەدا کارمەندی باش دەستنەدەکەوت کە حەز بکات بێت بۆ خانەقین.**

**(م) گۆڕانکاری لە قەزاکەو سنووری ناوچەکەدا**

**لە کۆتایی ساڵی 1919دا خانەقین ئیتر وەك بنکە یان بارەگای سەرەکی نامێنێتو لەگەڵ باقووبەدا یەکدەگرنو دەکرێنە یەك ناوچەو ئەم پێکهاتە نوێیە بەناوچە یان (لیوا)ی دیالە دەناسرێتو بارەگای سەرەکیش لە باقووبە دەبێتو بەم پێیە سنوورەکانی قەزای خانەقینیش کەمدەکرێتەوە. لە ئێستا بەدواوە بەشی باکووری سەرووی ئابی عەبباسان (مەبەست چەمی هەواسانە کە لەلای مەیدان دەڕژێتە سیروانەوە ـ و) دەخرێتە سەر قەڵەمڕەوی جێگری حاکمی سیاسیی هەڵەبجە. قزل رەبات کە لە ئێستادا لەژێر قەڵەمڕەوی جێگری حاکمی سیاسیی خانەقیندایە دەبێتە بەشێك لەو ناوچەیەی کە لەژێر رکێفی جێگری حاکمی سیاسیی شارەباندایە.**

**(ن) میلاکی دەزگاو دامەزراوەکان**

***ـ حاکمە سیاسییەکان (یان ئەفسەرە سیاسیەکان)***

| ناو | پۆست | ماوەی مانەوە |
|---|---|---|
| 1. مێجەر م. هایلز | حاکمی سیاسی | ئۆکتۆبەری 1918 بۆ تەمووزی 1919 |
| 2. کاپتن ف. بانیستەر | لەجێگەی حاکمی سیاسی | تەمووز بۆ ئابی 1919 |
| 3. کاپتن ر. لێڤی | لەجێگەی حاکمی سیاسی | ئاب بۆ دیسەمبەری 1919 |
| 4. مێجەر م. هایلز | حاکمی سیاسی | دیسەمبەر 1919 |

***ـ جێگری حاكمە سیاسییەكانی ناوچە(قەزا)ی خانەقین***

1. كاپتن ر. لێفی ـ جێگری حاكمی سیاسی ـ نۆڤەمبەری 1918 بۆ نیسانی 1919

2. كاپتن ف. بانیستەر ـجێگری حاكمی سیاسی ـ نیسان بۆ تەمووزی1919

3. كاپتن ر. لێفی ـجێگری حاكمی سیاسی ـ تەمووز بۆ ئابی 1919

4.كاپتن ج. هۆریج ـ جێگری حاكمی سیاسیـ ئەیلوول بۆ دیسەمبەری 1919

***ـ جێگری حاكمی سیاسیو یاریدەدەری جێگری حاكمی سیاسی ناوچە (قەزا)ی مەندەلی***

1. كاپتن ویلی ـ جێگری حاكمی سیاسی ـ كانوونی دووەم بۆ مارتی 1919

2. كاپتن پ. ج ر ویگلی ـجێگری حاكمی سیاسی ـ مارت بۆ نۆڤەمبەری 1919

3. كاپتن دەبلیو. تی. وریگلەی ـجێگری حاكمی سیاسی ـ دیسەمبەری1919

4. سەید بەهادور عەلی شاه ـ ی. جێگری حاكمی سیاسی ـ كانوونی دووەم بۆ دیسەمبەری 1919

***ـ جێگری حاكمی سیاسیو یاریدەدەری جێگری حاكمی سیاسیی ناوچە (قەزا)ی قزل رەبات***

1. كاپتن هـ. ج. م. فلاكسمان ـ جێگری حاكمی سیاسی ـ دیسەمبەری 1918 بۆ نیسانی 1919

2. میرزا ئەحمەد دارا ـ ی. جێگری حاكمی سیاسی ـ نیسان بۆ دیسەمبەری 1919

***ـ لێڤیی خانەقین***

1. كاپتن پ. س. هارگێڤس دیسەمبەر 1918 بۆ مایس 1919
2. كاپتن س. ی. بێری حوزێران بۆ دیسەمبەر 1919

**ـ گومرگ/ خانەقین**

1. کاپتن س. ڤ. گێست ـ جێگری کۆکەرەوەی گومرگ ـ نۆڤەمبەری 1918 بۆ حوزێرانی 1919
2. مولازم ڤ. هـ. هوگوێرف ـ جێگری کۆکەروەی گومرگ ـ 2 بۆ 27 ی حوزێرانی 1919
3. ئە. ف. ویلیامز ـی. جێگری کۆکەروەی گومرگ ـ حوزێران بۆ ئۆکتۆبەری 1919
4. کاپتن س. ڤ. گێست ـ ی. جێگری کۆکەروەی گومرگ ـ تشرینی یەکەم بۆ دیسەمبەری 1919

**ـ پزیشکی نەشتەرگەری مەدەنی/ خانەقین**

1. کاپتن ی. ن. گۆڵدی بۆ ماوەی چەند رۆژێك لە کانوونی دووەمی 1919
2. کاپتن ب. م. ئاڵتوونیان شوبات بۆ تەمووزی 1919
3. کاپتن جۆن دیکی تەمووز بۆ دیسەمبەری 1919

**ـ کاروباری‌دادوەری**

1. کاپتن أ. ماکلان ـ ئەفسەری دادوەریی‌باقووبەو خانەقین ـ حوزێران بۆ دیسەمبەری 1919

**ـ دادگای شەرع**

1. عەبدوللەتیف ئەفەندی راوی خانەقین
2. سەید محەمەد ئەمین مەندەلی
3. حاجی عەبدولقادر ئەفەندی قزل رەبات
4. شێخ مستەفا ئەفەندی قزل رەبات (لەجیاتی حاجی عبدالقادر أفندی لەپاش خانەنشین بوونی)

**ـ دادگای سوڵح**

1. فایەق ئەفەندیی ئالووسی    خانەقین
2. سەید محەمەد ئەمین      مەندەلی
3. حاجی عەبدولقادر      قزل رەبات
4. میرزا ئەحمەد دارا ـ ی. جێگری حاکمی سیاسی ـ قزل رەبات(لە جیاتی حاجی عەبدولقادر ئەفەندی لەپاش خانەنشین بوونی).

***ـ سیاسیو گشتی/ خانەقین***

1. مستەر ئەڵڵا بەخش ـ بەڕێوەبەر یان سەرپەرشتیاری بالآ ـ لە جیاتی مستەر دارا بە یاریدەدەری جێگری حاکمی سیاسیی قزل رەبات دانراوە.
2. سێرجنت ج. ھ. پاین ـ بەڕێوەبەر یان سەرپەرشتیاری بالآ ـ کارەکەی لە مستەر ئەڵڵا بەخش وەرگرتووە کە پۆستی سەرپەرشتیاری باڵای داھاتی پێسپێردراوە.
3. میرزا فەیروزەدین ـ = = ـ لەجیاتی سێرجنت پاین کە لەخزمەت بەخشراوە.
4. مستەر ڤ. شیفاپورکەر ـ سەرۆکی ژمێریاری ـ لەجیاتی مستەر فەیروزەدین کەبووە بە سەرپەرشتیاری باڵای ئۆفیس.
5. محەمەد ئەفەندیی تەنتاوی ـ سەرپەرشتیاری باڵای داھات ـ لە جیاتی مستەر کە گوێزراوەتەوە.

## 15 ـ گـــومــــــرگ

راپۆرتیکی ساڵ نێردراوە بۆ بەرپرسی کۆکەرەوەی گومرگ لە بەغدا، لە لایەن کاپتن س. ڤ گێستی یاریدەدەری کۆکەرەوەی گومرگ لە ناوچەی خانەقین. لەماوەی ئەمساڵدا سەنتەری کار لەخانەقینەوە گوێزرایەوە بۆ تەیروق بەپێی ئەو هێڵە ئاسنینە تازەیەی لە بەغداوە دەچێتە قۆرەتوو لە سەر سنووری ئێران.تەیروق وێستگەی مەدەنییە لە سەر ئەو هێڵەو ئەمساڵ قەبارەی سەرەکیی هەناردەو هاوردەی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا بەشەمەندەفەر زیادی کردووەو بەم پێیە جێگەی کاروانی جارانی گرتووەتەوە کە رێگەکەی بە خانەقیندا تێدەپەڕی.

راستێکەی ئیش‌وکار لەماوەی ئەمساڵدا زۆر زیادی کردووە (بڕوانە خشتەی روونکردنەوەکە).

پسووڵەکانی ناوخۆ لەڕووی پراکتیکەوە لەسەدا حەفتا زیاترە لەساڵی 1918و ئەڵبەتە ئەمە بازرگانی duty paid pass ناگرێتەوە لەنێوان ئێران‌و بەغدادا، واتە ئەو شمەکانەی لە سەر دەستی فەرمانگەکانی گومرگ تێپەڕیون. بازرگانی لە مەندەلییەوە تەنها کەمێك لە ساڵی پار یادی کردووە. چونکە کاروانەکان هێشتا هەر ئەو رێگەیان پێ باشترە بۆ سەفەر کە بەسەر خانەقیندا دەڕوات. ئۆفیسەکانی گومرگ لە تەیروق‌و خانەقین‌و مەندەلی هەموو لە ژێر کۆنترۆڵی یاریدەدەری کۆکەرەوەی گومرگدان. کارکردن لەسنوورێکدا کە نزیکەی سەدو پەنجا میلی ئەم قەزایەی گرتووەتەوە بە سروشتی خۆی پڕ کێشەو گرفتەو چەند حاڵەتی بەرچاوی قاچاخچێتی ئاشکرابووە کە بڕی پارەکەی گەیشتووەتە 8040 روپێ لە رێگەی دەستبەسەرداگرتن یان سزادانی قاچاخچییەکانەوە.ئەمساڵ زیارەتکەرە ئێرانییەکان‌و هێنانی تەرم بووژانەوەیەکی باشی بەخۆوە بینی‌و 47615 حاجیی زیارەتکەر باجیان داوەو ئەمەش ئەو زیارەتکەرانە ناگرێتەوە کە هەژاربوون‌و باجیان لێوەرنەگیراوەو ژمارەیان دەگاتە نزیکەی 25٪ سەرجەمی حاجییەکان‌و تێکڕا ژمارەیان نزیکەی شەست هەزار حاجیی زیارەتکەر مەزندە دەکرێت، بێجگە لەمەش سەروو 4600 تەرم هێنراون بۆ شارە پیرۆزەکانی کەربەلاو نەجەف.

## • پاشکۆی گومرگ

**روونکردنەوەی پسووڵەکانی هاوردە و هەناردە بۆ هەردوو ساڵی 1918 و 1919.**

**ـ خانەقین**

| | **ساڵی 1918 / روپیێ** | **ساڵی 1919 / روپیێ** |
|---|---|---|
| هاوردە | 118558 | 67657 |
| هەناردە | 7183 | 26650 |
| توتن | 17271 | 49292 |
| زیارەت بۆ کەربەلاو نەجەف | 1823 | 41575 |
| تەرم (مەیت) | 612 | 28225 |
| جۆراوجۆر | 1907 | 10471 |
| **کۆی گشتی** | **147357** | **223872** |

**ـ تـەیـروق**

| | **ساڵی 1918 / روپیێ** | **ساڵی 1919 / روپیێ** |
|---|---|---|
| هاوردە | ـ | 12504 |
| هەناردە | ـ | 460 |
| توتن | ـ | 845 |
| زیارەت | ـ | 17472 |
| تەرم | ـ | 9445 |
| جۆراوجۆر | ـ | 2016 |
| **کۆی گشتی** | ـ | **42752** |

پسووڵەکانی کۆی ساڵی 1919 تەنها هی خانەقین و تەیروقە کە دەکاتە 266625 روپیێ.

**ـ مـەنـدەلی**

| | سالی 1918 / روپێ | سالی 1919/ روپێ |
|---|---|---|
| هـاوردە | 29110 | 30486 |
| هـەناردە | 2188 | 6122 |
| تـووتن | 17436 | 19969 |
| زیارەت | 312 | 345 |
| تـەرم | | 2721 |
| **کۆی گشتی** | **48.740** | **59645** |

## 16ـ پـرسـەکـانـی سـنـوور

پێشتر لە ژێر ناونیشانی"تیرەو هۆزەکان"دا باسم لەو رووداوانە کردووە کە لەسەر سنوور بەرپابوون. ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بەم ناوچەیەوە هەیە ئەوانەن کە پێویستە بۆ داهاتوویەکی نزیك لەسەریان بوەستین، زیاتر لەو رووداوانەی کە سەریان هەڵداو لەماوەی ئەمساڵدا چارەسەرکران. ئەو مەسەلانەی بەکورتی دووبارە باسیان بکەینەوە ئەمانەی خوارەوەن:

(أ) هێرش‌و پەلاماری هۆزی وەڵەدبەگی، کەوا لە مانگەکانی سەرەتای ساڵدا لەسنووری ئێران بەمدیودا پەڕینەوەو چەندین گوندیان لە"ناوچە داگیرکراوەکان" تالآن کرد. رووداوگەلی لەم چەشنە لەداهاتوودا چاوەڕوان دەکرێت دووبارە ببێتەوە تا ئەوکاتەی خێڵە ئێرانییەکانی سەر سنوور دەخرێنە ژێر کۆنترۆڵێکی باشەوە.

(ب) پاکژو پاوانەکانی لەوەڕخۆری لەجەبەڵ باخچەی ناوچەی خانەقین کەوا هۆزی سنجابی بەعادەت هەموو ساڵێك لەئێرانەوە دێنە ناوی مشتومڕێکی زۆری دروستکردووە

لەساڵی 1914دا لە لایەن لیژنەی دیاریکردنی سنووری ئێران ـ تورکیاوە (ڕاستتر ئێرانو دەوڵەتی عوسمانی ـ و) ڕاسپاردەکەی لیژنەی سنووردانان کە ئەو هۆزە بەردەوام لە سەر لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان لەم زەوییانەدا کە دەکەوێتە ناو"ناوچە داگیرکراوەکانەوە" بێ ئەوەی باجی سەرانەی کۆدە بدەن. هۆزەکە ئەمساڵ بەزەبری هێز هاتووەتە خوارەوەو بەپێی ئەو هەلومەرجەی سەرەوە ئاژەڵەکانی دەلەوەڕێنێ.

(ج) ستوونەکانی سنوور: لەداهاتوویەکی نزیکدا نیاز وایە کۆڵەکە یان ستوونەکانی سنوور چاکبکرێنەوە یان دروست بکرێنەوە بە پێی ڕاسپاردەی لیژنەی سنوور. ئەڵبەتە زۆرێك لەم ستوونانە رووخاونو نەماونو کارەکە قورسە لەم ناوچەیەدا بۆ چاککردنەوەیان سەرلەنوێ دانانیانو ئاخۆ بەشێك لەم زەوییانە دەکەوێتە خاکی ئێران یان"ناوچە داگیرکراوەکانەوە"، لەهەمان کاتدا مەسەلەکە مایەی قەناعەتە کە ئەو رووبەرەی کەوا سنجابییەکان رێگەیان پێدراوە بێ باجدان لەوەڕخۆریی تێدا بکەن. بخرێتە سەر"ناوچە داگیرکراوەکان".

(د) ئەو جووتیارانەی لەناوچە داگیرکراوەکانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئێران بەهۆکاری جەنگ، بەڵام لە ئێستادا جەنگ کۆتایی هاتووەو گەلێ لەخێزانەکان کەوتوونەوە دڵەڕاوکێ لەبچڕاندنی ئەم پەیوەندییە کاتییەیان بەخێڵە ئێرانییەکانەوەو بگەڕێنەوە سەر خاکی جارانیان. سەرۆك هۆزە ئێرانییەکانیش بەهیچ کلۆجێك حەزناکەن بەریان بەرەڵا بکەنو دەستیان لێبەردەنو مەسەلەکە لە ئێستادا مشتومڕی زۆری لە سەر.

(ه) پەیوەندییەکان لەگەڵ پشتکۆدا لە ژێر ناونیشانی"هۆزەکاندا" باسیان لێوەکراوە.

- **هەندێك روونكردنەوەو تێبینیی وەرگێڕ**

1. لەم راپۆرتەدا لەبەرانبەر وشەو چەمكی ( Division)ی ئینگلیزیدا من بۆ خانەقین بەناچاری هەندێ جار قەزاو هەندێ جار ناوچەم بەكارهێناوە چونكە لەساڵی 1919دا، كە ساڵی نووسینی ئەم راپۆرتەیە لە لایەن ئیدارەی راستەوخۆ بەریتانیاوە بۆ ئەم وڵاتە (واتە عێراقی دواتر) هێشتا سیستەمی ناحیەو قەزاو لیوا بەتەواوی گەڵاڵە نەكرابوو. لەبەرئەوە لەم راپۆرتەدا، خانەقینیش وەك باقووبە بە یەكەیەكی سەربەخۆ لە لایەن ئینگلیزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێتو لەكۆتایی ساڵی 1919دا باقووبە دەبێتە یەكەیەكی سەرەكی.دەكرێ لەو سەردەمەدا بۆ هەردوكیانو شوێنانی تریش وشەی (موقاتەعە)ی عەرەبی بەكاربهێنرێت چونكە بەڕای من وشەگەلی وەك ناوچە، دەڤەر، هەرێم.. تاد لەكوردیدا دادی چەمكی (Division) نادات، بۆ ئاگاداری خوێنەری ئەم راپۆرتە.
2. لەراپۆرتەكەداو لە چەند بۆنەو شوێندا زاراوەی (Occupied Territory )هاتووەو من بە"ناوچە داگیركراوەكان" كردوومەتە كوردیو بەعەرەبییەكەی "المقاطعات المحتلة"یە. بەریتانییەكان لەو سەردەمەدا خۆیان ئەم ناوەیان لێناوەو بەرەسمی وا مامەڵەیان كردووەو هەندێ جاریش هەر بەمیسۆپۆتامیا ناویان بردوو وەك لەراپۆرتە بەناوبانگەكەی "میس بێڵ" دا هاتووە بۆ هەڵسەنگاندنی نزیكەی چوار ساڵ بەڕێوەبردنی راستەوخۆی بەریتانیاوە بۆ ئەم وڵاتە بەناونیشانی "پێداچوونەوەی بەڕێوەبردنی مەدەنی لەمیسۆپۆتامیادا"دا كە لەساڵی 1920دا ئامادە كراوەو رەوانەی پەرلەمانو حكومەتی بەریتانیا كراوە.
3. هەرچەندە لەراپۆرتەكەدا وا باسی لەمەندەلیو قزل رەبات دەكرێت كە ئەمانیش وەك خانەقین ( Division) یان ناوچەنو هەر یەكەیان جێگرێكی حاكمی سیاسی حوكمیان دەكات، بەڵام بە شێوەیەكی زمنیو هەندێ جاریش راستەوخۆ ئەوە باس دەكات كە خانەقین بنەڕەتییەو ئەم دوو شوێنە بەشێكن لەوو لە خانەقینەوە گەلێ دامودەزگایان سەرپەرشتی دەكرێن. بەڵام وەك پێشتر ئیشارەتم پێدا تا كۆتایی ساڵی

1919 خانەقین‌و باقووبە بەدوو موقاتەعەی جیاوزن لەسیستەمی ئیدارەدانی ڕاستەوخۆی بەریتانییەکاندا.

4. من لەراپۆرتەکەدا AssistantPolitical Officer ,Political Officer م بەحاکمی سیاسی‌و جێگری حاکمی سیاسیی کردووەتە کوردی. ئەم بەرپرسانەی ئینگلیز لەڕاستیدا هەر ئەفسەری سوپای بەریتانی بوون‌و پۆستەکانیان لای کوردو عەرەبیش زیاتر بەحاکمی سیاسی ناودەبرێت‌و جارجارەش بەئەفسەری سیاسی.
5. لە راپۆرتەکەداو لە گەلێ بۆنەو شوێندا وشەگەلی عەرەبی وەك مەجلیس، فەسڵ، مەئموور، موغارەسە، حەکیم.. تاد بەکارهاتوون و من هەروەك خۆیان دامناوەتەوەو هەندێکیشم بەپێی پێویست‌و سیاقی پارێزگاریی لەسەلیقەی زمان کردووەتە کوردی.
6. لە راپۆرتەکەداو لەچەند شوێنێکدا باس لەهێزی لێڤی دەکات‌و بۆ زیاتر زانیاری خوێنەر لێڤی هێزێکی عەشایەری بەکرێگیراو بوون‌و لەژێر فەرماندەیی ئەفسەرە بەریتانییەکاندا بوون‌و کرێ‌و مووچەشیان لە لایەن حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیزییەوە دابین دەکراو زیاتر ئەرکی پاسەوانی دامۆدەزگاو ڕێگاوبان‌و هێڵی شەمەندەفەریان پێدەسپێردرا. ئەمانە بە عەرەبی پێیاندەوترا" شەبانە"و سەرۆك خێڵەکان دابینیان دەکردو عەرەب‌و کوردو ئاسووریی تێدابوو زیاتر لەجاشی خەفیفەی کورد دەچوون.
7. لەم راپۆرتەدا هەموو خشتەکانی پارەی داهات‌و گومرگ‌و.. تاد. بەدراوی روپیە، کە پارەی هیندی بووەو لە وڵاتە کۆلۆنییەکانی بەریتانیا لەئاسیادا مامەڵەی پێوەکراوەو تا دەرکردنی دیناری عێراقی هەر بەم دراوە مامەڵە کراوەو پێموایە روپیێ دەیکردە (75) فلسی عیراقیی ئەو سەردەمە.من لەخشتەکاندا تەنها روپێم نووسیوەو وردەکانی روپێم واز لێهێناوە کە بە (A وP) هاتوون کە لە سەرێکەوە نەمزانیوە کورتەی چین‌و لە سەرێکی تریشەوە بە پیویستم نەزانیوە لەکوردییەکەدا.

8. ناوی زۆر باج هاتووه كه لەم سەردەمەی ئێستای ئێمەدا هەندێك سەیرو سەرنجڕاكێشن وەك كۆده واته بۆ هەر سەرێكی ئاژەڵو ڕەشەوڵاخو بەرزه وەڵاخ دەبوو پارەیەك بدرایه. بێجگه لەباجەكانی ئابخۆری‌و دەڵاڵی‌و مەیدانییەو پاسەوانییەو.. تاد، كه بەلگەی وردی ڕێكخستنێكی كارگێڕیی سەركەوتوو بووه بۆ دەوڵەت و كۆمەلگه.

# پـێـڕسـت

زنـــجـيـــره لاپـــەڕه


| | | |
|---|---|---|
| 1. | تیرەو هۆزەکان | 2 |
| 2. | یاساو ڕێسا، بارودۆخی قەزاکە( یان ناوچەکە | 5 |
| 3. | لێڤیو پۆلیس | 9 |
| 4. | کشتوکاڵ | 11 |
| 5. | ئاودێری | 15 |
| 6. | کەش‌وهەوا | 16 |
| 7. | داهات | 17 |
| 8. | تاپۆ | 25 |
| 9. | وەقف | 27 |
| 10. | پەروەردەو خوێندن | 27 |
| 11. | ئەو پرسانەی کاریگەرییان لە سەر دەسەڵاتدارێتیی سەربازی هەیە | 29 |
| 12. | شــارەوانی | 30 |
| 13. | نەخۆشخانەو دەرمانخانە | 34 |
| 14. | بابەتی جۆراوجۆر | 36 |
| 15. | گومرگ | 44 |
| 16. | پرسەکانی سنوور | 46 |
| 17. | هەندێك ڕوونکردنەوەی وەرگێڕ | 48 |

18. **پاشکۆی ژمارە (1)** 22